
یادی هێمن

١٩٢١ – ١٩٨٦



کەریمی حسامی

١٩٨٧

یادی هێمن

کەریمی حسامی

لەچاپدانەوەی بەدەستی خاوەنیەتی
سوێد ١٩٨٧

نرخی ٣٠ کرۆنی سوێدە

لە بلاوکراوەکانی "سەردەمی نوێ"

پێشەکی

خاکەلێوەی ئەوسال، سالێك بە سەر کۆچی دوایي یەکیك لە شاعیرە بە ناو بانگەکانی سەردەمی کوردستان تێ دەپەری. ـ **هێمن موکریانی** .
هێمن کێ بوو ؟

نامەوێ باسی ژیانی هێمن بکەم . چونکە هەرچی بینووسم ناتوانم رووکاری راستەقینەی ژیان و کردەوەکانی هێمن بێنمە سەر کاغەزو خوێنەرانی بەرێزی پێ تێرو تەسەل بکەم ناتوانم هونەری شاعیری هێمن بکەمە تابلۆیەك و بە خەلکی نیشان بدەم. هەرچی بینووسم ناگاتە ئەوەی کە خۆی لە پێشەکی تاریك و روون دا نووسیویەتی و گەلێك لە هاونیشتمانان خوێندویانەتەوە .

لە سەر ژیانی هێمن و شیعرەکانی ئەو ، لە کاتی ژیانیدا

یان پاش کۆچی دوایی گەلیك شت نووسراون و زۆر قسە کراون . ئەگەر بێت و هەموو ئەو شتانەی لەسەر هێمن نووسراون کۆیان بکەمەوە ، لە لایەك دەبن بە دووپاتە کردنەوەی نووووسراوەکانی خەلك و لە لایەکی دیکەش بە قەولی فارس : " مەسنەوی هەوت باتمانی کاغەز دەوێ " .
یان وەك خۆی لە پێشەکی تاریك و روون دا دەلێ : " ئەگەر ژیانی ئەو چەند سالەم بنووسم خۆی سەدان لاپەرە کاغەز بەشی ناکا ".

بەلام دیسان بە بۆنەی تێپەر بوونی سالیك بە سەر کوچی دوایی شاعیرو نووسەرو کوردی زانی مەزنی کورد **مامۆستا هێمن** دالەم نووسراوە کورتەدا ئاوڕ وەسەر هێندی بەلگەو نووسراوە بدەمەوەو بۆ ناساندنی ئەو شاعیرە مەزنە کەلکیان لێ وەربگرم . پاشان هێندیك بیرەوەری خۆم لەگەل هێمن و هێندی قسە خوشەکانی بگێرمەوە . بەگوێرەی توانا ویستوومە گەشتێك بە نێو تاریك و روون دا بکەم و شعیرەکانی ماموستا هێمن لەگەل هەل و مەرجی ژیان و خەباتی گەلی کورد لە ماوەیەکی دیاریکراودا ، بەراورد بکەم . دیارە بەو مانایە نیە کە شعیرەکانی هێمن پڕ بە پێستیان شی کراونەوە و باری لێکولینەوەی زانستیان پێدراوە . چەند نامەیەکی جوان و شیرین و بەتامی مامۆستا هێمن کە بۆ خۆم و بۆ چەند برادەریکی نووسیوەو دەقەکەیان لای من پارێزراوە ، بیکەمە تام و چێژی ئەم نووسراوە کورتەیە .

پاشان دەقی هێندیك لەو نامانە بلاو بکەمەوە کە لە کوردستانی عیراق لە لایەن روناکبیران و لاوان و خوێندکارو قوتابیان بۆ شاعیری مەزنی کورد نووسراون ٠ ئەو نامانە حیکایەتێکیان هەیە ٠ مامۆستا هێمن ئەو نامانەی کۆ کردبونەوە ٠ سالی ١٩٧٨ وردە وردە لە بەغدا جێمان پێ لەق دەبوو ٠ خەریك بوو بلاوەی بکەین ، یان بلاوەمان پێ بکری ٠ مامۆستا هێمن داوای لێ کردم کارێکی وابکەم ئەو نامانە بپارێزرێن و رۆژی خۆی بلاو بکرێنەوە ٠ منیش لە رێگای دۆست و برادەرانەوە نامەکانم لەگەل کتیبەکانی خۆم ناردەوە بولغاریا ٠ پاشان مامۆستا گوتی : " ئەگەر نەگەیشتنەوە دەستی خۆم و نەگەیشتنم بلاویان بکەمەوە تکایە هەموان بلاو بکەوە ٠ دەزانم هەمانمان دەنێژی ، هەر بۆیە رەسمی هەموانت وەرگرتوە کە پاش مردن لە سەریان بنووسی جا خۆت و قەلەمە کوێتت " ٠

ئەم نامانە یەك لە سەدی رێزو ئیحترام و خۆشەویستی هێمن لە نێو خەلکی کورد نیشان دەدەن ٠ بەراستی خۆشەویستی هێمن گەلیك لەوە زیاتر بوو کە لە وزەی نووسین دا بێ و یان تۆمەتی چەند کەسیك و رەشەی بای زەمانە بتوانێ کزی بکاو لە رەگ و ریشەی دەر بێنی ٠

شاعیری گەل

دوکتور عبد الرحمنی قاسملو لە وتارێك دا کە بۆ پێشەکی **تاریك و روونی** نووسیوە دەڵێ :

" ئەو رۆ هەرکەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ ، ناوی هێمنی بیستوە . شیعرەکانی خوێندوتەوەو بێگومان دەزانێ کە هێمن یەکیك لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە ... شیعری هێمن ... لە ناو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بلاو بۆتەوەو لە دڵی هەموو کوردیکی دلسۆز و نیشتمانپەروەر کاریگەر بوەو ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی رزگاری گەلی کورد دا هان داوە ... هێمن لە شیعری خۆیدا ... لە مافی خوراوی گەل دیفاع دەکا ، ئارەزوی ئەوەیە کورد هەرچی زووتر لە ستەمی نەتەوایەتی رزگار ببێ ... هێمن نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ، لەوەش زیاتر نەتەوەی خۆی دەپەرستێ... هێمن تەماشاچی نیە و ناتوانێ تەماشاچی بمێنێتەوە . بە هەموو هێزی خۆیەوە ،بە شیعرو بە نووسین هەنگاوی ناوەتە ناو مەیدانی خەبات و تا سەر بەرەو ئاسۆی رون تا ترۆپکی رزگار بون یاریدەی گەلی خۆی دەدا . هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا

ناکرێتەوە ... شیعرەکانی پرە لە هیواو ئاوات بۆ سەر-
کەوتن و نیشتمانپەروەران بۆ تیکوشان هان دەدا ... شیعری
کۆمەلایەتی و شورشگیری چ لە باری ناوەروك و چ لە باری
شێوەوە ، گەیاندوتە پلەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە کەمتر شاعیری
کوردی گەیشتوتێ ... هێمن شاعیرێکی ریئالیستە،ریئالیز-
می رەخنەگەرانە لە ناوەروکی شعیرەکانی هێمن دا بە تەواوی
بەر چاو دەکەوێ ... هێمن دەیەوێ ژن بەر لە هەموو شتیك
خاوەنی مافی ئینسانی خۆی بێ و زور جار دژی زورداری و
بێ حورمەتی نیسبەت بە ژن دەنگی خۆی هەل دێنێ ...
زمانی هێمن نمونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوری یەو
بێگومان لە پێك هێنانی زمانی پەسەندکراو (ستاندارد)ی
کوردی دا تەئسیری هەبوە ... هێندی شیعری هێمن
گەیشتۆتە پلەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردی ... ئەوەی
هێمن لەسەر گۆران دەیلێ لەسەر خۆشی راستە : تاکی لە
جوانی پەرستیدا کەمە ، وشە لە دەستی دا وەك مێو وایە،
دل تەرە ، خۆش خەیالە و ناسك بینە ، بە هونەرەو شارەزا و
وشە رەنگینە .)

کاکەی فەلاح شاعیرو نووسەرو گەورە پیاوی ولاتەکەمان
لە لاپەرەی رۆژنامەی هاوکاری چاپی بەغدا دا لە سەر هێمن
دەنووسێ :

" **هێمن موکریانی** شاعیری کوردپەروەرو مرۆڤ ویست و
جوانی پەرست و ئاوارەمان ، یەکێکە لەم شاعیرە

هەڵکەوتوانەی ئەم سەردەمەمان کە وەك بلبلیکی خۆش خوێن بەسەر لقی بەرزی هونەری شیعری کوردیەوە بەستەی بەسوز بەسەر ئاوات و هیوای دوا ڕۆژی کوردو خەبات و جوانی و ئاوارەیي دا دەخوێنی . ئەگەر بروانینە سەرجەمی شیعرە سیاسیەکانی ، ئەبینین گەوهەری بڕوا بە سەرکەوتنی کورد لە دوو توێي هەموو بەیتەکانا ئەدرەوشێتەوە تەنانەت لەو بەیتەشدا :

" تا بەداسی دەسی ئەو پالە بەکارەی کوردی

درك و دالی سەرە ری گشتی نەدروێن دەگریم "

وە نەبێ تەنها بریتی بێ لە خەم و گریانێکی بە کوڵ، یان هەڵوێستی لا تەریکی بێ بەرامبەر چینە زەبوونەکان : ئەم شیعرە جگە لەوەی کە گەرمەشینێکی بەسۆزەو چەند تابلویەکی بلێسەدارە هەستی شاعیرو بڕوای شاعیرمان بەسەرکەوتنی کورد وەك ڕۆژی ڕوناك پێشان ئەدات ، شاعیر وەك هونەرمەندیکی خاوەن بڕوا لەم شیعرەدا تەواو وەستایانە ئەرکی شاعیرانەی خۆی بەجێ هێناوە) .

وەك لەپێشدا گوتمان باسی هونەرو شیعری هێمن بە نووسینی چەند لاپەرە نابڕێتەوە، لێرەدا تەنیا مەبەست ئەوەیە یادی بکەین لەبیرمان نەچێتەوە . بەتایبەت حەق نیە من لەبیری بەرمەوە . بێجگە لە ناسیاری پێشوی ولات ، لە دەربەدەری دا . حەوت سالی ڕەبەق بەلکو پتریش پێکەوە ژیاین . لە خانویەك دا دانیشتن و خواردن و خواردنەوەو

نووسین و کاری سیاسی و گاڵتەو گەپمان پێکەوە بوو.

هێمن تورە بوو ، دڵ ناسك بوو ، قسە خوش بوو ، جاری وا هەبوو دوو سەعات هەمووما ن بە قسەکانی ئەو دەگەشاینــەوەو خەم و خەیالی ئاوارەیي و تەنانەت بیری سیاسیشمـــــان وەلا دەنا . لە ئەدەبی فارسی دا فرە شارەزا بوو. زۆری خوێندبووە. زۆر جار لە باری ئەدەب و ئەدەبیاتی فارسی باسێکـــــی بـــۆ دەکردینەوە کە ئێمە سەرمان سور دەما . زور جار دەمان گوت: ئەو دم و پلە بۆیە نابێ ئەو شیعرانە دابنێ و ئەو قسە خۆشانە بکا .

لە باری پاك و خاوێنی و تەرو تەمیزیەوە عەرەبی دەشتێ بوو . مەلا عەولای حەیاکی دەیگوت : " ئەگەر قینوو لـــــە کەسێك هەستا ئەوەندە بەسە بڵێن : " بەری پێی هێمنـــــی بە گۆری بابی " . ژورەکەی دەت گوت شەرە پشیلەی تێـــدا کراوە . کاغەزو کتیب بە سەر یەك دا بلاو دەبون و چەنـــــد کراس و چاکەت و پاتوڵ و کەوش لە گۆرێ دەکەوتن .

ماموستا هێمن قەت بە رێك و پێکی لیباسی دانەدەکەند ئەگەر دەچووە ژورەکەی خۆی وەك مار لە تۆڵك بێتـــــە دەر کراس و شالوار و چاکەت و بالتۆی پێکەوە دادەگەندن و فرێي دەدان . زۆر جار دەچوم ژورەکەم بۆ هەڵ دەوێژارد . خالیـــدم دەنارد ژورەکەی خاوێن دەکردەوە ، دەیشوشت ، بەلام پـــاش سەعاتیك وەك خۆی لێ دەهاتەوە .

سیغاری لە دەستی نەدەکەوت . هەمیشە چەند ژێرسیغار

لە گۆڕێ بوون بەلام قەت نەبوو سووتووی جغارە لە عەرزی فڕێ نەدا، ئەو ماوەیە کە لە بەغدا دەژیایین ، ماموستا هێمن چەند دەست پێ خەڤی سووتاند • شەو دەیخواردەوە ، بەلادا ـ دەکەوت ، سیغارەکەی دەکەوتە سەر لێفەو دوشەگان ، ئاگریان دەگرت ، ماموستا دەر دەپەری • لێفەو دۆشەگمان بۆ دەگریەوە • خواردنەوەی هێمن هەر وەك شیعرەکانی لە تەعریف کردن نایە • سەید رەسووی بابی گەورە دەیگوت :
" ماموستا هێمن بە خواردنەوە سەرخۆش نابێ ، هەر بە دیتنی شوشەکەی سەرخۆشە " لە سەر ئارەق خواردنەوە زۆر جار سەرکۆنەم دەکرد • دەیگوت : " تۆ لەوە گەڕێ • ناتەوی مەقالەت بۆ بنووسم ، دەینووسم ئیتر چی دیکەت دەوێ ؟ "
زۆر بەداخەوە قسە خوشەکانی هێمن کۆ نەکرانەوەو لە بیر نەماون • جارێك دەستەی نووسەرانی "کوردستان" باسی ئەوەی دەکرد کە خەبەر بدەین لە ئیرانەوە دەنگو باسی ولاتمان بۆ بنێرن لە روژنامەدا بلاوی کەینەوە •
ماموستا هێمن گوتی : " کوڕە ئەوەی ناوێنا • ئێستا دادەنیشم دەنگو باستان بۆ دەنووسم کە تەلاقی لە سەر بخۆن هەر ئێستا لە ئیرانەوە گەیشتوە •
حەمەدەمینی سراجی گوتی : " ماموستا چۆن شتی وا دەبێ ، ئێمە دەبێ شتی راست لە روژنامەکەدا بنووسین • "
ـ پیاو حەمەدەمین شەرافەتیش ئەندازەی هەیە ! "
جارێك باسی مەعاشی برادەران دەکرا •

مەلا عەولای حەیاکی کە هەمیشە دەکروزاوەو ئێرەیي بە ژیانی برادەران دەبرد گوتی : " ماموٚستا هیٚمن بە تاقی تەنیایە ، لە خانوی حیزب دا دەژی ، هیچ خەرجی نیە ، مەعاشی وی زوٚرە ".

دوکتور قاسملو گوتی : " ماموستا هیمن شاعیرە، خەلك دەناسێ خەرجی زورە ، نابێ بێ پول بێ ". مەلا عەولا لێی نەدەبریەوە . هیٚمن تورە بوو گوتی : " بابم ماموٚستا ، توٚ وەك کەلّە شێر رۆژی چەند جار بە مەلا ژن دا دەفسی . مـن مەلا ژنم نیە، دەبێ هەولی دیکە بدەم . ئەویش پارەی دەوێ ".

ئەو ماوەی لە عیراق بوین قەت خوٚمان بە غەریب و بە ئاوارە نەزانی . نەك لە بەر ژیانی خوٚش ، بەلّکو لە بەر پیاوەتی و هەستی برایەتی و هاودەردی و میوانداری برا کوردەکانی کوردستانی خواروو . نالێم روٚژ، بەلام حەوتوو نەبوو ئێمە لە مالی یەکیك لەو براکوردانەی دانیشتوی بەغدا بانگێشتن نەکرێین . دیار بوو قەتیش بێ خواردنەوە نەبوو . بە گوێرەی دابێ وێ بێجگە لە مەزەی زوٚر هەمیشە نوٚکاو هەر هەبوو . مەلا عەولای حەیاکیش دەهات ، ئارەقی نەدەخواردەوە ، بەلام ملی دەبەر نوٚك خواردن دەناو مەزەی هەلدەوێژارد. جارێك ماموٚستا هیٚمن دەستی گرت و گوتی : " بابم ماموٚستا ئەم مەزەیە بوٚ ئارەق دانراوە . توٚ ئارەق ناخوٚیەوە، مەزەکەم لێ خەلاس مەکە . مندالەکانی منیش بە میوانی هاتبوونە بەغدا ئەو شەوەی ئەوانیش بانگ کرابوون

زۆر پێ گەنین ، ئێستاش کورەکەم زور جار بە خوشکی دەلێ : "شلێر نەبی بە مەلا عەولا ، مەزەکەی هەموو بخوێ " .
بۆ کاری سیاسی ناوی نەهێنیمان بۆ برادەران دادەنا . کە نۆرەی مەلا عەولای هات ، ماموستا هیمن گوتی : " **تۆك ـ خوڕ** پر بە پیستیەتی " پەسەندکرا لە نووسراوەکانی حیزبیدا ناوی نهێنی مەلا عەولای حەیاکی **تۆك خوڕ** بوو .
زۆر جار لەگەل مامۆستا هێمن دەچووینە گەران و دەچووینە کۆری زانیاری کوردی . مامۆستا هێمن ئەندامی ئیفتیخاری و ئەندامی کۆمیتەی دانانی وشەی کوردی بوو . کەمتر تاقەتی هەبوو کۆت و شالوار دەبەر بکا . گەرمای بەغدا ،کراسێك و شالوارێك و سیغارو شقارتە . جاری واش هەبوو قیت و قوز خۆی دەرازاندەوە ، بە پتێ خۆی دەتەکاند .
جارێك پێکەوە چوینە کۆری زانیاری کوردی . کە وەژور کەوتین پیاویکی وێچوو ، بۆشناخ و بە دیمەن ،لەوێ دانیشتبوو . ماموستا مەلا شوکر هەستاو بە خێرهاتنی کردین ، پاشان گوتی : " ئەوە دوکتور عبد الرحمان و خەلکی سولیمانییە روی دە ئێمەش کردو گوتی : " ئەوە ماموستا هێمن شاعیری گەورەی کوردەو ئەوەشیان کەریمی حیسامیە " . دانیشتین . دوکتور عبد الرحمانی بۆشناغ و بەدیمەن، روی لەمن کردو بە هێمنی دانام . بەخێرهاتنێکی گەرم و گوتی : " زۆر دەمێکە بە ئاواتم چاوم پێت بکەوێ . شیعرەکانم خوێندونەوە ، هەر بژی" . نیزیکەی چارەگە سەعاتێك قسەی کردو لێی نەدەبریەوە

منیش تەنیا " بەلێ " یەكم بۆ دەگوتو سەرم بۆ رادەوەشاند.
ماموٚستا هێمن پیشی دەخواردەوەو سیغاری بۆ دەكێشا .
كابرا زۆری قسە كردو پاشان هەستا روێشت . ماموٚستا هێمن
راست بووە و بە تورەیي روی كردە مەلا شوكر :
- ئەوەتا ... ئەوە دوكتورەكەتانە پێت گوت ئەوە هێمنە بەلاّم
كاك كەریمی سوئال پێچ كردوە .
مەلا شوكر گوتی :
- ناحەقی نیە پێی وایە خاوەنی ئەو شیعرانە دەبێ وەك
كاك كەریم پاك و خاوین و وەئینسانان بچێ . چوزانێ هێمن
وەك پەرۆ كوٚن تولاوەتەوە ".
جارێك چوبوینە كوٚیە . ماموستا مەجید ئاسنگەر لە
كەبابخانەیەك بانگی كردبوین . تازە شیعری نالەی جودایی
بلاو ببوٚوەو دەنگی دابوٚوە، لاوەكانی كوٚیە زانیبویان هێمن
هاتوٚتە كوٚیەو لەو كەبابخانەیە . كوریكی گەنج وەژور كەوت .
راست هات دەستي لە دەستي من ناو گوتي : " ماموٚستا گیان
بە دیتنت سەرفیرازم . ئەوشوٚ لەگەل چەند برادەر هەر **نالەی
جودایی مان** خوێندوتەوە . هاتوم بزانم تەشریفت لە كوٚی
دەبێ، دەمانەوێ بێینە لات برێك قسەمان بۆ بكەی ". گوتم
زوٚر سپاس، ئێمە ئێستا سەفەر دەكەین بۆ جارێكی دیكە بێ .
كورەكە روٚیشت، گەلێك پێكەنین، ماموٚستا هێمن گوتی : چاك
چاكت كرد ، توشی قسان ببام كەباب ئەوەندەش نەدەما .
مەلا عەولای حەباكی ئارەقی نەدەخواردەوە . دوكتور

قاسملو گالتەی پێ دەکردو سەری دەخستە سەر، دەی ویست پێی بخواتەوە . ماموٚستا هێمن گوتی :
- دوکتور لێی گەرێ، مەلا عەولا فێری ئارەق بێ لەو بەغدایە ئارەق وەگیر ناکەوێ . بزانن ئەو رێگایەی ئەو هاتوو چوٚی پێدا دەکا ، **باریدی** لێ وەگیر دەکەوێ ؟
لەگەل مەلا عەولای حەیاکی سەفەر کمان کرد بوٚ دەرەوە، لە پراگ میوانی دوکتور قاسملو بوین . بە شەقام دا دەگەراین . پراگ شاری کریستال و موٚروی جوانە . دوکانی موٚرووفروٚشی زوٚرە . دەگەیشتینە هەر دوکانیك، مەلا عەولا رادەوەستا تەماشای موٚروانی دەکرد. کاتێك گەراینەوە گێرامانەوە . ماموٚستا هێمن گوتی : " ئەوە بارگینی منە، بارگێنیکم هەبوو بوٚ مەزرایە سواری دەبوم . دەگەیشتە هەر پوٚلە وێنجەیەك رادەوەستا . دەبوایە وەبەر رکێفانی بدەم تا وەرێ دەکەوێ" .
خێزانی کاك حەمەدەمینی سیراجی مندالی لە خەستەخانە بە مردویی ببوو، نێوەرو گەرمای چلّ دەرەجە خەبەریان دامێ کە مندالی بە مردویی بوە.
گوتم ماموٚستا هێمن نەچین بزانین چی لێ دەکەن و لە کوێی دەنێژن ؟ گوتی :
- بەراستیتە ، ئێستا گەیوە تەوە سولیمانی .
- سولیمانی چی ؟ لێرە لە بەغدا بە مردویی بوە .
- قەی ناکا، دایکی خەلکی سولیمانییە ، لەگردیسەیوان نەیێ نای نێژن " .

قسه خۆشەکانی ماموٚستا هێمن بەداخەوە کۆ نەکرانەوەو لە کیس چون . کاتێك سالی ۷۹ لە شەری سێ مانگە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە شاری وەدەر کەوت و کشانەوەی ئیستراتیژی بەکار هێناو بە سەرکەوتوانە لە خواروی گۆرە شێر لە " ئاشی پشکاوی " گیرسایەوە ماموٚستا هێمنیش وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەگەلیان بوو .
رۆژێك لە گەل دوکتور خەسرەوی و دوکتوریکی دیکە دەچنە شوێنیك و لە هەورازی زۆر ماندو دەبێ . توشی کابرایەك دەبێ هێستریکی پێیە . ماموٚستا هێمن دەلێ : ئەری برا سەودایەکم لەگەڵ ناکەی ؟ ئەو دوو دوکتورەت دەدەمێ هێسترەکەم دەیە .

ماموٚستا هێمن لە شیلاناوی لاقی دەشکێ رۆژێك بە شەلە شەل دەیەوی بچێتەوە بۆ مالێ، پێشمەرگەی کۆمەلە کە لەوێ بون، یەکێك رێز بۆ هێمن قائیل ںەبێ و لەکۆلی دەکا بی‌باتەوە . کە دەیگەیێنیتەوە و دای دەنێ . ماموٚستا هێمن دەلێ : " مالت ئاوەدان بێ، ئەوە نەمردم سواری کۆمەلەش بووم " .

گـه شتێـك بـه تـاریك و روون دا

لەگەڵ ماموٚستا هێمن زوٚر جار باسی شیعرو سیاسەتمان دەکرد پێم دەگوت : خوزیا دەست لە سیاسەت وەر نەدابا هەر شیعرت گوتبا و پەخشانت نووسیبا و قسەی خوٚشت کردبا ٠
لە وەلام دا دەیگوت : " بوٚم نەدەکرا ، سیاسەتەکە پێوەندی بە بەش خوراوی میلەتەکەمەوە هەیە ، هانم دەدا کە لە دەریای شیعردا مەلە بکەم "٠

هێمن راستی دەکرد سەرەرای ئەوە کە شاعیرێکی جوانی پەرەست بوو ، بەلام وەك هێندی شاعیری ئاخری سەدەی نوزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم تەنیا بە بەژن و بالای قیت و قـوٚز و چاوی مەست و خوماری یارو خاڵ و خەت و کوڵمی سورو لێوی قەیتانی هەلا نەدەگوت ٠

هێمن لەگەڵ ئەوەش کە لە پێ هەلا گوتن و لە باسی جوانی دا دەستێکی بالای هەبوو ، بەلام ئەو ئەرکی روون کردنەوەی کوٚمەلانی خەلك و هان دان بەرەو خەبات و تێکوشان

و ئەركی زیندوو كردنەوەی رێبازی حاجی قادری كۆیی وەئەستوی خۆ گرتبوو.

هێمن حەقی بوو . بە حەق رێبازی راست و رەوانی خۆی دوزیبووە . شاعیرو نووسەری نەتەوەیەك كە لە دوایێیەكانی سەدەی بیستەم دا لە هەموو مافێكی نەتەوایەتي بێبەش كرابێ، شاعیری نەتەوەیەك كە لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی و مەترسی تواندنەوەدا پشتی چەما بێ، چۆن دەتوانێ تەنیا بە بەژن و بالای جوان و نازدارو لەبار هەلا بلێ ؟ چۆن دەتوانی لە دنیای بێ بیرو باوەری و رارایي و واز وازی دا بسوریتەوە و گەر بخوا . چۆن دەتوانی چونكە " شاعیرو ئەدیبە " بە لای سیاسەتەوە نەچێ ، چونكە شیعرەكەی ناسك و بەسوز نابێ . چونكە ئەدیبە، نابێ كاری بە چەوسانەوەی نەتەوەكەی هەبێ . چۆن دەتوانی لەبەر ئەوەی شاعیرە نابێ باسی سیاسەت و نیشتمانپەروەری بكا . تەنیا شیعری بۆ شیعر بوێت و هونەری بۆ هونەر ، هێندیك قسەی بێتام و وشەی قولمبە و كەس تێ نەگەیشتوو بە ناوی شیعر بە دوای یەك دا رێز بكا .

هێمن لەوانە نەبوو ئەویش لە باسی جوانی و دلداری و ئەڤین و جوان پەرەستي دا وەستا بوو . بەلام دەیگوت :

جیا بوونەوەت دەردە ، بەلام تۆش دەزانی تامی نیە

ژوان و شەو راوو دلداری ، رازو نیازی بە دیلی

سەیرێكی شیعرەكانی هێمن ئەو راستیەمان بۆ دەر دەخات كە ئەدەب دیاردەی قوناخەكانی خەباتی گەلەو پێوەندی بە

ژیانی شاعیرو پلەی تێگەیشتنی کۆمەڵ و رادەی ژیـــــان و خەباتی گەلەوە هەیە ٠

سالی ١٩٤٢ کۆمەڵەی " ژ ێ کاف " دادەمـــــەزرێ ٠ هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان وەجۆش دێ ٠ هەوەڵین شیعری هێمن بلاو دەبێتەوە " **کوردم ئەمن** " هەرچەند لەو کاتە دا هێمن گەنج و هەرزەکارو کورە شیخ و ئاغایە ، کە ئەوانە بۆ لاویکی تازە پێگەیشتوو مەرجی تایبەتی خۆیان هەیە ، بەلام شاعیـــر " **چاوی گەزاڵ و گەردنی پر خاڵ** " وەلا دەنێ و " **لە زنجیرو تەناف و دارو بەند** " ناترسێ و ئەڤینی " **کێوو تەلان بەندەن و بەردی** " نیشتمانەکەی لە دڵی دا دەکوڵێ و دەڵێ : **کوردم ـ ئەمن** " ٠

هەر لەو سەرو بەندە دا هێمن لە هوندنەوەی وتوو وێژی کچ و کور دا ، قۆناخی ژیانی کوردەواری نیشان دەدا ٠ خۆشەویستی و دڵداری کچ و کور، لە بەرانبەر خەبات و تیکوشان دا دەخاتە پلەی دووهەم و دەڵێ :

کچ : دیلی ، ژێر دەستی ، ئەسیری تاکەی ؟

رووتی ، نەداری ، فەقیـــــری تـــاکـــــەی ؟

وەرە مەیدانـــی لە رێی نیشتمــــــان

بکـە قوربـانـی ، ســەر و مـــال و گیـــان

کــور : کچی هەموو کەس ئیمرۆ سەربەستـە

هەر حەقی کچی کـوردە پێ بەستــــــــە

لە گوێن (ژاندارك) هەستە وەك مەردان
دوژمن وەدەر نێ لــــە خاكی كــوردان

بیری ئازادیخوازی و هەستی نەتەوایەتی پەرە دەستێنـێ . دەرەبەگ و ئاغای چەكمە رەق كە هەمیشە خزمەتكاری رێژیمی پەهلەوی بوون ، دەكەونە بەر لۆمەو لاتاو و توانجی شاعیران و كۆمەلانی خەلك . هێمن هەرچەند خۆی كورە ئاغاو فەرخــە شێخە ، بەلام لەو قوناخە دا كوتانی ئاغاو دەرەبەگ بە هــــۆی پێشكەوتنی خەباتی رزگاریخوازی كورد دەزانێ . " ئەمــــــن دەیلێم و بێ باكم " دەهونێتەوە .

نیانە بیری سەربەستی ، دەكەن فەخری بە ژێر دەستی
دەڕۆن هەروا بەرەو پەستی ، ئەمن دەیلێم و بێباكـــم
ئەوی ئاغایە بێكارە ، خەراپ و چەوت و لاســـارە
دزی و رێ گرتنی كارە ، ئەمن دەیلێم و بێ باكـــم

سالی ١٩٤٣ خەباتی گەلی كورد پەرە دەستێنێ . گوڵ و گوڵزاری كوردستان دەرازێنەوە . بەلام گوڵە مێـــــلاق و وەنەوشەی بۆن خۆش بۆ ژێردەستی كورد بە پەروش و رازونـاز دەكەن . هێمن وەك هونەرمەندیكی لێ هاتوو رازو نیازی ئـەم دوو گوڵە تۆمار دەكا . مێلاق دەلێ :

ئەمن لە خاكی كوردان ڕواوم
بە ئاوی ساردی كانی دێـــراوم

کورد وا هەژارن ، من هەژار نەبم
ئەوان داخدارن ، من دا خدارنەبم؟

وەنەوشە لە وەلآم دا دەلێ :

کە تۆ هەناوت بۆ کوردی بۆ رەش
منیش بۆ کوردی سەرم نا لە هەش

سالی ١٩٤٤ گەلی کورد لە بەشێکی نیشتمانەکەی دا دەسەلاتی سیاسی دەگرێتە دەست ، ئا لای کوردستان هەڵ دەکا هێمن وەها لە دەریای خەبات و ئەڤینی نیشتمان دا نوقم دەبێ لە هیچ کات و دەم و سەعاتیک دا نیشتمانی لە بیر ناچێتەوە :

لە شایی دا لە وەختی هەڵپەرینا
لە خۆشیدا لەکاتی پێکەنینا
لە کۆری ماتەم و گریان و شینا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
لە کوێستانێ دەمی راوو شکارێ
لە مەزرایە کە خۆم هەلکردلەکارێ
لە جێژوانێ کە دەکوشم مەمکی یارێ
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

سالی ١٩٤٥ کۆماری دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێ • هێمن لە شیعری " **دوا رۆژی رووناك** " دا باسی رابوردوی داخداری گەلی کورد دەکاو دەلێ :

لە مێژ بوو حەقی کورد دەخورا بە فیڕۆ
لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
گوڵستان و زەمەندی کوردەواری
بە پێی دوژمن دەبوو پێ شێل و بۆ ژۆ

بەلام شاعیر تەنیا بە باسی رابردوو واز ناهێنێ، بە دڵ گەرمیی باسی سەرکەوتنی گەل و شکانی دوژمن دەکا و دەڵێ :

لە پڕ جولاوە خەلك و تێکی رووخاند
بناخەی کۆشکی ئیستیبدادی یارۆ
شکا بێگانە پالاوتی لەترسان
کوری کورد هاتەوە دیسان هەلی تۆ

هێمن لەم دەستە شیعرەدا رۆلەکانی گەلی کورد بۆ خەبات و تێکوشان هان دەداو دەنووسێ :

مەوێستە ، خۆت مەگنخێنە ، مەترسە
لە فیشال و لە بوختان و لە دەمگۆ
دەسا خۆت هەڵکە ، ڕێ ببرە بە گورجی
برۆ پێش بێ وچان ، لێ بخورە باژۆ

هەر لەو سالەدا بۆ هان دانی ژنی کورد بۆ مەیدانی خەبات و تێکۆشان ، هێمن بەستەی " **یادگاری شیرین** " دەهۆنێتەوە .

شاعیر لەو کاتەدا کە بە شێوەیەکی وەستایانە برژانگی تیــژو برۆی راکشاوو بەژنی بەرزو خرمەی بازنە، دەکاتە نێو ئاخــن ، کۆیرەوەری و بەشداری کیژی کوردیش لە کارو زەحمەت کێشاندا نیشان دەداو کیژی کورد بۆ راپەرین و خوێندن و فێر بوونــی زانست و فرێ دانی پەچەو چارشێو هان دەداو دەڵێ :

کۆیلەتی باوی نەماوە ﻭ کیژی کوردی خۆشەویست
راپەڕە هەستە لە خەو ، ئاخر چ وەختی خەوتنــــە
دەرکە بشکێنە ، پەچە بدرێنە ، ڕاکە مەدرەســــە
چاری دەردی کوردەواری ، خوێندن هەر خوێنــــدنە
با هەزار (زێ) و(کادەر)ە (لاوێن)ی روونیشمان هەبێ
تاکو ژن ئازاد نەبێ ، سەرچاوەکەی ژین لیخنــــە

ئەگەر بە وردی بروانینە ئەم کۆمەلە شیعرە سیاسیانەی کە شاعیر لەو ماوەیەدا خەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆمــارە ساواکەی مەهابادی کردوە ، دەبینین هێمن بە زمانێکی سادەو ساکاری ئەوتۆ ئاگر خۆشکەری خەباتی نەتەوایــــــەتــــی و جۆشینەری هەست و هۆشی کۆمەلانی خەلك بوە. تا رادەیەکــی باش ئەو ئەرکە کۆمەلایەتی‌یەی بۆ ئەو رۆژگارە هێناوەتە دی و وەك تۆویك لە دڵ و وێژدانی خەلك دا چاندویە.

هێمن پاش تێکچوونی کۆماری دیموکراتی کوردستــــان و ئیعدامی پیشەوا ، توشی دەربەدەری و ناهومێدی دەبێ و لــــە شیعری " **رۆژگاری رەش** " دا بە پەروشەوە باسی تێشکـــان و

لێقەوماوی دەکاو رووکاری راستەقینەی ژیانی ئەو رۆژە نیشان دەدا و دەڵێ :

وەپاش کەوت خەباتمان، داگیراوە وەلاتمان
تێپەری رۆژی هاتمان،رووخاکۆشکی ئاواتمان
لە سەقزو لە بۆکان ، شین و شەپۆڕەو گریان
تێکۆشەر لەداردران، قارەمان لە ناو بەران
پۆلی جوان و نەشمیلان ،دەستەی دەستماڵ تەنزیلان
ئەو ساڵناچن بۆ دیلان،نەنگە دیلان بۆ دیلان

بەهاری ساڵی ١٩٤٧ هێمن لە پژدەرەوە بەرەو کویستان دەگەڕێتەوە. توشی کویستان چی و تاول و رەشماڵ و هۆبە و هەواری کوردەواری دەبێ و " **بەهاری کوردستان** " دەهۆنێتەوە کە شاکاری ئەدەبی و گەنجینەی وشەی زمانی کوردی یە.هێمن بە شێوەیەکی بێ وێنە لە جوانی سروشت و دەشت و دەمەن و چیا و کەژو گوڵ و گوڵزاری کوردستان تابلۆیەك دەکێشێ و لەنجەو لاری کیژو کاڵ و هاتو چۆی بێری شوخ وشەنگ و فیتەو بلوێری شوان دێنێتە بەر چاو . بەلام لە سەر ئەم حالەش لێقەوماوی سیاسی و دەربەدەری کاری تێ دەکاو لە شیعری " **با بردطه** " دا دەردو داخی خۆی دەر دەبڕێ و دەڵێ :

چ خۆشە عیشق و سەرمەستی ، چ خۆشە
چ خۆشە ژین بە سەربەستی ، چ خۆشە

چ تاڵه کۆیلەتی و دیلی چ تاڵـــــه
بەکەم بێ ژینی وا پڕ ئاهو ناڵـــــه
له سۆیی هێلانەکەم لەت لەت بوو جەرگم
له تاوی کوڵ نەمام ، نیزیکە مەرگــم
چ ئینسافە ئەمن بەو دەنگی خۆشـــم
ئەسیرو دیل و زیندانی و خەموشـــم

هێمن لەم شیعرەدا لەگەڵ بلبول دەبێتە هاو دەردو ژان و پەژارەی خۆی بۆ دەردەخاو کوڵ و کۆی دڵی خۆی بۆ هـــەڵ دەرێـــژێ :

منیش ئەی بلبلی بەندی وەکۆ تـــۆم
وەها دورم لە هێلانەو گوڵی خـــۆم
منیش وەك تۆ لە کیسم چو گوڵی سور
منیش هێلانەکەم لێکراوە خاپـــــور
ژیانم پڕ لە دەردو رەنج و داخـــــه
ئەوە گیرساوەوە لەو کێو و شاخـــه

بەلام هێمنی شاعیر لە سەر ئەم حالەش ورە بەر ناداو واز ناهێنێ‌و مەیدان چۆل ناکا :

هەتا دوژمن نەگەوزێنی لە خوێنـــم
دەخوێنم بۆ گەلی خۆم هەر دەخوێنـــم

هێمن وەعدەو بەڵێنی خۆی بردە سەرو هەتا دوا هەناسە بۆ گەلی خۆی خوێندی و نووسی و هاواری کرد . ساڵی ١٩٤٨ هەرچەندە هێمن لە دەربەدەری رزگار دەبێ و دەگاتەوە نێو ماڵ و خیزانی خۆی و لە شیلاناوی دەگیرسێتەوە ، بەلام دەست بەسەرو گۆشە نشینە . لەو حاڵەدایە کە " **شەش خانی هومێدی لێ گیراوە** " دنیایەك " **مەمنونی فرمێسکی گەشێتی** " کە ناهێلێ دوژمن بە رەنگە زەردەکەی پێ بکەنێ . لەو ماوەیەدا " **گریانی نیوە شەو** " ، " **ئارەزوی فرین** " و " **گۆمی خوێن** " دەهۆنێتەوە کە بە جوانی ئەم قوناخە نیشان دەدەن کە شاعیر تێدا دەژی .

ساڵی ١٩٥١ لە سەرانسەری ئیران خەباتی سیاسی پەرە دەستێنی ، کوردستانیش لەم خەباتەدا لە دوا نیە . هێمنی شاعیر بە هیواو هومێدیکی تازەوە دێتەوە مەیدانی خەبات " **ئاواتی بەرز** " دەهۆنێتەوە .

دەستی دا دەستی برای و هاتە نێو کۆڕی خەبات
کیژی نەشمیل ولەبارو شوخ وگوێ بەگواری کورد
فێری زور دەرسی بە کەلك و باشی کردین تێ‌شکان
جا ببینە راپەرین و شۆرشی ئەم جاری کورد
بێ وچان دەرواتە پیش و رێگە دەبرێ بۆ هەدەف
زۆر لە سالان رون ترە ئەوساڵەکە ئەفکاری کورد
دێتە سەر رێبازی راست و دێتە ناو کۆڕی خەبات
خوارە پێچەی لێ براوە ، پیاوی خێچ وخواری کورد

هێمن لەم قوناخەی خەبات دا تەنیا خۆی بە بیری کوردایە-
تی وبشك و رووتەوە، نابەستێتەوەو بۆ پلەی بەرزتری خەبات
واتە خەباتی چینایەتی هەڵدەکشێ و دەڵێ :

تێکدەدەن کۆشکی بلیندی مفتەخوری زگ زەلام
پاڵەو و جوتیاری برسی ، کارگەری بێکاری کورد
مافی کوردی هەر دەبێ بستێندرێ، بستێندرێ
دوژمنی کورد تێگەیشتوە ناکرێ باشاری کورد
نایەوێ یاریدەدان و کۆمەگی ئەسلی چوار
جوجەلەی ئاغای ترومین ، وێ کەوت پلاری کورد
هەرکە توشی بوو دەلێ (یانکی گۆهوم یانکی گو هوم)
تازە دەستی ئەجنەبی ناتوانێ بگرێ زاری کورد
مەدرەسەو دانیشکەدە بۆ شارو لادێ دادەنێن
خوێندەوار بێ تاکو رۆلەی زیرەك و نازداری کورد
ئەو زمانە شیرینەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە
نادرێ چیدی کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد

سالی ١٩٥٩ لە سەرانسەری کوردستان ئازادیخوازانی کورد
دەکەونە بەر پەلامارو توشی زیندان و ئەشکەنجەو دەربەدەری
دەبن . ماموستا هێمن لە سەرگوزەشتەی خۆیدا دەنووسێ :

"منیش لەو سەردەمە دا توشی نەخۆشیەکی رووحی هاتم.
ناهومێدیەکی رەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو
ناهومێدیە زورجار تا حالی خۆ کوشتن پالی پێوەنام ".

شاعیر لەم قوناخە دا شعیرەکانی " بۆسەی روژگار "

" چارە نووسی شاعیر " ، **" جوّلانە "**، **" ماچی شیرین "**، **" هێلانەی بەتاڵ "** و **" گلێنەی شاعیر "** دەهونێتەوە کە دیاردەی قوناخی ژیانی شاعیرو خەباتی گەل نیشان دەدەن :

ڕۆژگاری سپلە بۆ من بۆسەیەکی نایەوە
نەمدی هەر تیرێکی دەیهاوێ بەرەوسینەم نەبێ
خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵك ڕوشن بکەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکو شاعیردەسووتێ شەم نەبێ

لە چارەنووسی شاعیر دا دەڵێ :

دەزانی بۆچی من هێندە پەریشان و خەفەت بارم
لە بازاری ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە
لەگەڵ چارە ڕەشی و دوورە بەشی و نەگبەت دەبێ هەڵکەم
لەمێژەچارەنووسی شاعیرانیکوردی هەروایە

لە ماچی شیرین دا دەڵێ :

لە گۆشەی بێکەسی دا ئێستە وا دڵ تەنگ و خەمبارم
نیە باکم ئەگەر ماڵم بەجاریکی بە قور دا چێ
بەشی کوردێکی زانا لەو ولاتە مەینەت و دەردە
ئەوەی نەت ویست بڵێ ڕەبی بەدەردیکوردیزانا چێ

شیعری " **هێلانەی بەتاڵ** " لە کاتێك دا گوتراوە کە لە عیراق شورشی چاردەی گەلاویژ کراوە ٠ ڕێژیمی نوری سەعید رووخاوەو ولات ئازاد بوە٠ چاپەمەنی کوردی بە چەشنێکی هەراو بلاو کراونەوە ٠ رادیۆی بەشی کوردی دەنگی ئازادی بە دنیا راگەیاندوە ٠ بەلام هەر لەو کاتەدا لە ئیران کوردی

نووسین و خوێندنەوە باسی سەر بوە . لە سەر کتێبی ماموٚستا عەلائەالدین سجادی ماموٚستایەکیان سێ سال حوکم داوە .هێمن لەو کاتەدا بەم شیعرانە داخی دڵی خوٚی دەردەبڕێ و دەڵێ :

نیە باکم ئەگەر زالم شکاندویەتی باڵی من
ئەوە سەختەکەوا ناگاتە گوێ کەس ناڵە ناڵی من
بەهار هات و تەبیعەت حوکمی ئازادی مەلانیدا
لەناو کونجی قەفەس دا دیارە چوٚنە ئێستە حاڵی من
لە کوٚلزاری ورینگەی بلبلی سەرمەست و شەیدا بێ
بەلام نایە جریوێکیش لەهیلانەی بەتاڵی من

ماموٚستا هێمن پاش سالی ١٩٦١ لە ژێر تەئسیری وەزعی کوردستانی عیراق هەر وەك لە سەرکوزەشتەکەی دا دەنووسی :
" **ئەز لە نوێ تێ هەلچومەوەو هاوکاری ئازادیخوازانم دەست پێ کردەوە** " . لە گەڵ ئەو تێ هەڵچونەوەدا ، شاعیر "**کوٚلی هیوا** " دەهوٚنێتەوە وەك لە ناوەکەیا.دیارە ئەم شیعرە پشکوتنەوەی هیواو هومێدی لێ دەر دەکەوێ . لە پێش ئەو تێ هەڵچونەوەدا ، ماوەیەکی زوٚر باسی هیواو تیکوشان و ئازادی لە بەرهەمی ئەدەبی ماموٚستا هێمن دا بەر چاو ناکەوێ.
سالی ١٩٦٣ " **تەپلی ئەمان** " دەهوٚنێتەوە . هێمن لەم شیعرەدا وێرای سکالا لە دەس زەمانە و دوٚست و خزم و کەس و کاری بە گژ ڕەژیم دا دەچێ و خەبات دەکاتە چاری کارو کێشە

ئەوەی دایم لە ژێر خەلکا ژیاوە
لە سەر من پالەوان و قارەمانە
هەمە هیوا بە دواڕۆژیکی ڕووناک
بەشی ئینسانی بێ هیوا نەمانە

هێمن لێرەدا هیوای بە دوا ڕۆژی ڕووناکە و بەشی ئینسانی بێهیوا بە مردن دادەنێ • بە پێچەوانەی هێندی بەناو شاعیر، وەنەبێ لە سیاسەت و تیکوشان و هونەری جوانی و جوان - پەرەستی دا یەکێکیانی هەڵبژاردبێ • زۆر بە وەستایانە لە تیکەل کردنی هەر دوو بابەت دا گەیوەتە ترۆپکی ئەدەبی کوردی چەند شیعریك لە بەستەی " **پەری شیعر** " ئەم ڕاستیە بە جوانی نیشان دەدەن :

شیعرێك وەك خوناوەی باران
شیعرێك وەك سرتەی دڵداران
ناسك تر لە هەودای خەیاڵ
شیرینتر لە بزەی منداڵ
وەك ئارەقەی هەنیەی جوانان
وەك دلە خورپەی جێ ژوانان
لە کوشینی دەستی دۆ خۆشتر
لە مەکەو ئەیمرۆ خۆشتر
شیعرێك مزگینی نەجات بێ
شەو چەلەی کۆری خەبات بێ

شیعرێك رەق بێ ، رەق بێ ، قین بێ
گر بێ ، بلێسە بێ ، تین بێ
بلێسەی گوللەی هەلمەت بێ
شەپۆلی رقی میللەت بێ
شعرێك نوستوو راپەرێنێ
شیعرێك دوژمن داپەرێنێ
نرکەی سنگی کرێکار بێ
ئالای شورشی جوتیار بێ
شیعرێك هەم توند بێ هەم وردبێ
یانی شیعری ئەورۆی کورد بێ

شیعری ئەورۆی کورد ناتوانێ تەنیا خۆ بە جوانی سروشت و وشەی بێتام و کەس تێ نەگەیشتوو وە خەریك بکا . پێویستە خەبات و هان دان و تیکوشان بکاتە ئاویتەی شیعرو بیهۆنێتەوە. هێمن راست ئەو کارەی دەکرد . سالی ١٩٦٨ بە سەر ژیانی هێمن و قۆناخی خەباتی جولانەوەی کورد دا تێ‌دەپەرێ . راپەرینی چەکداری لە کوردستانی ئیران توشی شکان دەبێ . زۆر لە شورشگیران شەهید دەکرێن و هەزاران رۆلەی تیکوشەری کورد لە بەندیخانەکان دا شەکەت دەدرێن. هیمن لە بەر داخ و پەژارە تا ماوەیەك گۆشە نشین دەبێ و پەنا بۆ مەی دەبا :

لە بەستەی **" ناسوری تەشەنە "** دا دەلێ :

تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیـــــــان
زامی کۆنەو بە مەی کۆنی دەبـێ مەلحەمکەم
ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم
من کە رۆژێك دەمەویست میلەتەکەم بێ‌خەمکەم
چۆن نەبەم بۆ مەی و مەیخانە پەنا ،تێگەیـــوم
لەم ولاتە هەموشت زۆرە ، بەڵی ئادەم کــــەم

لەم قۆناخەدا جولانەوە لە پاشە کشە دایە هێمن نایەوێ هەر گۆشە نشین بێ و پەنا بۆ مەی بەرێ . لە ترسی گرتن کە نەکـــا قەلەمی بشکێنن و زمانی ببستن رادەکا و دەلێ :

کوا بە خۆشی خۆم بەجی دێلم ولاتی خۆشەویستـــم
من لە ترسی زللە و باتوم و دارو شەق هەلاتــــــــم

دیارە هەلاتنیش دوو جورە . هێندی کەس هەڵدی، دەبـــەزێ دەچێ لە قوژبنیك دا خۆی مەلاس دەداو خەریکی ژیـــــــــان و رابواردن و پارە پەیدا کردن دەبێ . دیارە قســـــەی زل و فیشالیشی بە بەرەوە دەکا . بەلام هێمن لەو هەلاتوانە نیـــە خۆی رای کردوە، بەلام هەست و بیرو هۆشی لەگـــــەل گـەل و نیشتمانەو لە شین و پرسەی هاورێ و براکوژراوەکانی دابەشدارە و " **گەرمەشین دەگێرێ** " :

بۆ شەهیدیکی کە گەوزیوە لە نێو خوێن دەگریـــم
بـۆ هەوالیکی کەچوو بێ سەرو بێ شوێن دەگریـــم

ماچ دەکەم ئەو مەچەکانەی بە کەلەپچە دێشـــن
بۆسەرانەی بە گرێی قامچی دەگروێن دەگریـــم
دوور لە ئازادی لە زیندانی رەش و بۆگەن دا
بۆ کەسانێکی دەژین چلکن و بژوێن دەگریـــــم
تاکو نەسرێتەوە فرمیسکی هەتیو باری هەژار
تا هەتیو لێوی وەکو خونچە نەپشکوێن دەگریم
تا بەدەستی پەری ئازادی لە سەر گۆری شەهید
کوڵە شلێرە لە گشت لایەکی نەروێن دەگریم
بۆ وڵاتیکی بە فرمیسك و بە خوێن دێرابـــێ
من کە سەیرانی دەرو دەشتی دەکەم خوێن دەگریم
تا کریکارو فەلاح ، رەنجبەرو روشنبیـــــــر
دەست لە یەك نەگرن و پیاوانە نەبزوێن دەگریم
تا لە ژێر رەش بەڵەکی کیژو کوری رق هەستاو
جەندەکی دوژمنی بەدکارە نەپەستوێن دەگریم
تا بە داسی دەسی ئەو پالە بەکارەی کـــوردی
درك و دالی سەرە رێ گشتی نەدروێن دەگریـــم

گریانی هێمن شین و شەپوری لارە ملی و ناهومێدی نیـــە هان دان و خەبات و شایي و یەکیتی لەگەڵە •

پاش سالی ١٩٦٨ خەباتی گەلی کوردو ژیانی شاعیر مەزنی کورد پێ دەنێتە قوناخێکی تازەوە • شیعرەکانی " **مەتەریزی۔ شەرەف ، شەنگە بیری ، ئامێزی ژن ، شەپولی توڵە، ترۆپکی ۔**

رزگاری ، گاوو گەردوون ، شەوو شەیتان ، ئارەق و تیـــــن،
فرشتەی پەریوە ، کاروانی خەبات ، دەستکەوتی خەبـــــات
بەرهەمی ئەدەبی ئەو قوناخەن کە خەباتی گەلی کوردو ژیانـــی
ماموستا هیمنی رەحمەتی پیدا تیپەریوە .

سرنجیکی نیوەروکی ئەو شیعرانە ئەوەمان بـــــو روون
دەکاتەوە شاعیری گەل شاعیری راستەقینە ناتوانی خوی لـــە
خەبات و تیکوشان و زام و دەردوو داخی نەتەوەکەی جیابکاتەوە،
هیمن هەمیشە خوشەویستی نیشتمان و ئازادی و جوانی ژن و
خوشەویستی یاری تیکەل کردوەو زور جارانیش ئەڤینی ئازادی
لە لا بە هیزتر بوە.

لە بەستەی شەنگە بیری دا دەلی :

وا من پیشمەرگەم دەجەنگم بو ولاتی لە تو شیرینتـــر
نەم دەدا بە تەختی شاي ، دەنا بەردەبیری شوانـــی
جیا بوونەوەت دەردە ، بەلام توش دەزانی تامی نیە
ژوان و شەو راو و دلداری ، رازو نیازی بەدیلـــــی

لە شیعری ئامیزی ژن دا دەلـی :

بەلی سەختە یەکجار سەختە، دووری لە ژن نامرادی
بەلام لە ژن خوشەویستر ، لە لای من ئەتوی ئـــازادی

هیمن لە شیعری " **بەهار هەر دی** " لە گەل وەبەر نانـــی
گرو تین رەخنە لە پیش سواری کورد دەگری و هیوای دوا روژ

وەبەر خەلك دەنێ و دەلێ :

لە گیان دانە دەگوررێنم بژی هەر کوردو کوردستـــان

بە گوللەی دوژمنانی گەل ،دلیشم بێتەراوەستـــان

دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بە ئازارە ؟

دەبا هەستین هەتا ئێمەش بگەینە ریزی سەربەستـان

لە مەیدانی شەرەنخێوی خەباتی چەرخی بیستەمدا

سەرم سورە ما کە ئەسبی شۆرەسواری کوردی بۆ وەستان

هەتا گەنگێ سیاچالی بە سامی دوژمنی زالـــم

پراو پر بێ لە رۆلەی گەل ، جەی بێ وا لە دەسپێستان

هەتا کەی ئەشکی خوێنینی کچە کوردی برا کـوژراو

لە جێ بادەو لە بەزمی دوژمنان بدرێتە دەس مەستان

سەهۆل بەندانی بێدادی ئەگەر چی تـوش و دژوارە

بەلام لێم سورە وەك رۆژێ،بەهاردێ هەرلە دووزستان

هەر وەك لەپێشدا باس کرا لەم نووسراوە کورتە دا ناکـری

هەموو شیعرەکانی هێمن بێنینە بەر لێکدانەوەو باسیان بکەین

چونکە بەراستی شی کردنەوەی شیعرەکانی هێمن کاریکـــی

گەورەی زانستی و شارەزایي دەوێ ٠ جا بۆیە ئەم بەشەی باسەکە-

مان بە نووسراوەی کاك محەمەدی مەلا کەریم کۆتایي پێ دێنم.

محەمەدی مەلا کەریمی لە پێشەکی نالەی جودایی دا لـە

هەلسەنگاندنی شیعرەکانی هێمن بە گشتی و لاوازی و هێنـدی

شیعری هێمن دەنووسێ : " ئەگەر لە هێندی شیعری هێمن دا

لاوازییەك بەدی بكەین، ئەبێ بزانین هێمن كوردەو كوردەواریش لە فێر بوونی دەس نوێژ گرتن و نوێژكردنەوە بیگرە تا ئەگاتە پێكەوە نانی كۆرو كۆمەڵی سیاسی و بڵاو كردنەوەی هوشیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتی ، هەمووی هەر لە شیعر ویستوەو رووی دەمی بۆ شیعر كردۆتەوە، یا هەر هیچ نەبێ شیعری بۆ هەموو ئەم مەبەستە دوورو درێژو بەدەرەتانانە خستۆتە كار ٠ هێمنیش لەگەل ئەم ئەركانەدا یەكێ بوە لەو شاعیرە كوردانەی كە بۆ كومەلی كوردەواریان نووسیوە٠ شورە كچی شیعری لە پەنجەرەو دوو دەری بەرزی باڵەخانەی دوور لە پاڵەو رەنجبەرانی نەتەوەو ولاتەكەی دا رانەگرتوە، بۆ خۆی تا لەوێ لە ئامیزی گرێ و دەسە ملانی بێ ٠ لە گەڵ خۆی دایگر-تۆتە خوارێ بۆ ناو خەلك ، بۆ بە شداری لە تالوو سوێری ژیاندا تا ئە گەر ئە مرۆش گو لالە سوورە ی رووم تی ئەم لە بە ر ئارە-قە یرە نجكێشانی بژاكێ، گولی رەنگاو رە نگی شیعری كور د-ستانی سبە ینێمان هە میشە هە ر گە ش بێ و سیس بوون نە زانێ ٠جا لە بارێكی نا لە باری وە ك ئە وە داكە هێمن و هێمنە كانی هە موو لا یە كی و لاتە كە مان شیعری تیا ئە لێن، بەهرە مە ندی هونە رمە ند لە وە دیاری ئەدا كە چە ند ئە توانێ ئەر-كی سەر شانی خۆی بە رامبە ر بە هونە رەكە ی و بە رامبە ربە كۆمە لیش لە یە ك كاتدا لە كارێكی هونە ریدا بخاتە یە ك ونە هێلێ هیچ كامیان ببن بە كۆسپ لە رێی ئە ویاندا ، یا هیچ نەبێ یە كێكیان ئەویان بكا بە ژێر پێوە ... من لام وایە لە م تاقی

گردنه وه قورسه دا هیمن له زۆر به شێدا گره وی سەر کەوتنی به باشی بردۆتەوه ."

لەوەش زیاتر کاك محه ممەدی مه لاکەریم هیمنی به رەمزی مەسەلەیەك زانیوه که" یەکێ له پیرۆزترین مەسەلەکانی ئەم چەرخەیه . مەسەلەی خەبات له پیناوی ئازادی نیشتمان و سەربەرزی هاو ولات و رێز لێ گرتنی هەموو ئەو مافانە ئادەمیزاده ."

بەراستی کاك محەمەد زۆر باشی بۆ چووه ، ماموٚستا هیمن له هەر دوو بارەوه واتا له بارەی هونەری جوانی و ناسکی شیعر و له بارەی دەردی کۆمەڵ و خەباتی سیاسی و تەنانەت چینایەتیش ، گرەوی سەرکەوتنی بردۆتەوه .

چەند نامەیەکی مامۆستا هێمن

لە کۆنفرانسی سێی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ١٩٧١، مامۆستا هێمن بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێر - درا . ساڵی ١٩٧٤ کە شەر لە کوردستان دەست پێ کراوە من و دوکتور قاسملوو کاک حەمەدەمینی سیراجی سوکە سەفەریکی ئوروپامان کرد . مامۆستا هێمن لەگەڵ چەند برادەریک لە بەغدا مابوونەوە . " **باسی ئەو سەفەرە بە درێژی لە بەرگی چواری بیرەوەریەکانم دا دێتە گۆرێ** " هێندیک لە برادەرانیش لە کوردستان بون . مەلا عەولای حەیاکیش ساڵی ١٩٧٥ لەگەل من سەفەریکی ئوروپای کرد . مامۆستا هێمن لەو ماوەیەدا کە ئێمە لە سەفەر بووین چەند نامەی بۆ نووسیوین کە لە لای من پارێزراون .

نامەکان گرینگی سیاسیان نیەو بلاو کردنەوەیان بۆ پەز زەرەریان نیە! . بەلام وشەو زاراوەو رەستە شیرین و جوانەکان و قسە خۆشەکانی مامۆستا هێمن لەو نامانەدا دڵی

خوێنەر فێنك دەكەنەوە . زۆر لە خوێنەرانی بەڕێزی كورد ڕەنگە لەگەڵ نووسراوەی سیاسی و كومەلایەتی و ئەدەبی هێمن شارەزا بن ، بەلام لەوانەیە كەمتر چاویان بە نووسراوەی دۆستانەو جەفەنگ و گاڵتەو گەپی ماموستا هیمن كەوتبێ كەتانەو پلاریشی تێوەردابن و نامەكانی پێ رازانبنەوە .

ئەوەش دەقی نامەکان :

نامە بۆ كاك حەمەدەمینی سراجی ـ ٧٤/٦/٢٧ .

برای خۆشەویست كاكە مینە (١) نامەی روژی ١٨/٦/٧٤ـ تان ئیمرۆ گەیشت ، هیواو هومیدی لێ دەباری. هەوای فینك بوژاندویەوە، بۆیە دەنگت وا دلێرە!. گەرمای ئەوسالی ئێرە بەراستی مەحشەر دەكا . چۆنت بەجێ هێشتوین هەروایین . نە زیادمان كردوە نە كەم . ماموستا مەلا رەحمان(٢) وەك مەزرەق دەسورێ ، بەلام خاو دەبێتەوە . سەدیق(٣) وەك سەد ی ئەسكەندەر بۆی چەقیوە، جەلال (٤) خەریكی نوێژو تاعەتی خوێەتی و بە لۆسە لە جێ خوێ هەڵ ناستێ . خوشكە زلەخا (٥) 'هر لحظه به رنگ بت عیار درآید". خالید (٦) هەر خەریكی خوێندنەوەیە ، بەلام چاك لە كتێبەكەی حالی نابێ ، دەلێ خەتی ناخۆشە ، عەلی و شیرین (٧) زور باشن .

---

(١) حەمەدەمینی سیراجییە .(٢)رەحمانی كاژەییە .

(٣)سەدیقی فەروخییە . (٤) مەلا عوسمانی میرئاوەییە.

(٥)خیزانی خالیدە. (٦) هاوریەكی حیزبی بوو (٧)مندالی خالیدی بوون.

دوکتور (١) عەلی سوننەتك کرد ٠ بەلام زوو چاك بووە ٠ عەمر دریژ کەی دەبن نامیق و شوان (٢) هەمیشە شەریانەو لە سەر و گوێلاکی یەك دەدەن ٠ کاك ئەحمەد(٣) باوکی نامیق ڕۆژی هەر پیێ دەکرێ کۆلارە (٤) بکرێ ، کەچی شوان(٥) لیێ ونجر ونجر دەکا ٠ کتێبەکەی جەنابم بەخودای تەواو بووە و هەر ئەوەندەی ماوە بماندنەوە ٠ نەدنووسیبو ئەگەر تەواو بوو چەند ژمارە و بۆ کوێ بنێرین ؟ تا بگاتە دەستی داوخوازان ٠ سەتیوی ڕەزا ـ خان لەگەل هەوال نووسی لوموند مصاحبەی کردوە ٠ ئەو قسە قۆرانەی هەمیشەیي دووپاتە کردۆتەوە ٠ دەبێ گوێت لێ بووبێ ٠ ئێمەش زەبتمان کردوە ٠ بەلام بەداخەوە ناتەواوە ٠ بزانن ئەو ژمارە لوموندە وەگیر بخەن، تەنانەت ئەگەر هەر لەوێ بەیانیکی لە دژی ئەوەی لە بارەی خۆمانی دا گوتوە دەرکەن زۆر باش دەبێ ٠ ئەو مل هورە مونکری بوونی گەلی کوردی ئیرانە ٠

خەبەریکی ئەوتۆمان لە براکانمان نیە ٠ پاش ئێوە هەر چاریکمان خەبەر زانیون ئەویش بە ناقسی ٠ کاك عەولای(٦) ئێرە هەر بۆ خوێ پێڕادەگا ، چاکە زۆر بەکاری ئێرە دێ٠

---

(١) دوکتور سولتانی وەتەمیشی یە عەلی سوننەت کردبوو٠
(٢)حکومەتی عیراق و شورشی کوردستانە٠(٣)ئەحمەد حەسەن ـ بەکرە٠(٤) فروکەیە ٠ (٥) شورشی کوردستانە ٠
(٦) یوسفی رزوانی یە ٠

گەرما ئەوەندە بێ تا مە رۆژی هەتا ئێوارە ناتوانم لە ژووری بچمە دەر . لە مالیش کارم بۆ ناکری ، تەلیفونیشم نیە. پاش ئێوە تەنیا جاریك ماموستاکەی (١) خۆم دیوە. دیارە زور بە کەیف نیە . چاك بوو وەبیرم هاتەوە بۆم بنووسن چەند جلد لە کتێبەکەم تەجلید بکەم . بۆ خۆم بریاری بیست دانەم داوە.
بەس نیە ؟ دەس بەجێ راپورتەکەمان بۆ ناردی . هیواداریـن سەرکەوتو بن . سلاوی هەموو برایان دەگەێنم . داوای سەرکەوتن بۆ کوبونەوەکەتان دەکەم . هیوا دارم بریاری ژیرانەو ئازایانە بدەن و لە ژیر تەئسیری هیچ شتی تردا نەبن

برای پیرو کەنفت تان هێمن

---

(١) ماموستا زەبیحی یە .

نامه بۆ کاك حەمەدەمینی سیراجی یە ـ ٧/٧/ ٧٤

برای خۆشەویستم کاکە مینە ، رۆژ باش ٠

ئەو کارتەی رۆژی ٧٤/٧/٢ ناردبوت گەیشت ٠ پێمان خۆش بوو ٠ هیواداریین هەموتان ساخ و سلامەت بن ٠ هەرچەند شتێکی تازەو خەبەرێکی نوێ نیە ، بەلام بۆ ئەوەی نامەکەت بێ جواب نەمێنیتەوە ، دەس بەجێ دەستم دا قەلەمە کوێت و جوابم نووسیوە ٠ نووسیبوت کاغەزتان نەهاتوە ، سوچی ئێمە نیە ٠ تا ئێستا من وەك لە بیرم بێ نامەیەکم بە ئادرسی دوکتوری (١) بۆخوێ، نامەیەکیشم بۆ کاك کەریم نووسیوە، نەگەیون بلێم چی ؟ ئەحوالت پرسیوین لە کوێ را بۆت باس بکەم٠ فیلە ! حەتمەن پێت خۆشە لە مژدە خان(٢) و دایکی یەوە پێدا بێم ٠ بە سەری تۆ مژدە خان ساخ و سلامەتە و هەر وا فیکەی سمیلانی دێ ٠ دایکیشی ئەو رۆژانە دیومە، زۆر باشەو لە ئێمەش تورە نیە٠ کاریشم بەوەی نەداوە لە تۆ تورەیە یان نە ٠ ئەگەر شەیتان و شوفار لێ گەرێن و شتی ئەو سەفەرەت لێ لە قاو نەدەن جارێ زۆر تورە نیە ٠ سدیق و سەید(٣) مان بەرێ کردن ٠ ئەگەر نەمرم بەیانی زوو دەچم سەرێکیان دەدەم ٠ بەلام بە پەلە دەگەرێمەوە رۆژ تا ئێوارە لە ژورێ دادەنیشم و

---

(١) دوکتور قاسملوە ٠   (٢) کچی حەمەدەمینی سراجی‌یە٠

(٣) سەدیقی فەروخی و سەید رەسولی بابی گەورە ٠

کەمتر وەدەر دەکەوم ، تۆ پێت وایە گەرما چ دەکا ؟ خەلـــك چۆن لە ترسی گەرما خۆی لە پەنا و پەسیوان گرتوە. رۆژ لە رۆژ گەرمتر دەبێ بەراستی پیاو وە هەراسان دێ . دیوانەکەم هێشتا خەلاس نەبوە ، یانی غیلافی تێ نەگیراوە دەلێن جارێ نۆرەی وەبەر ناکەوێ . خالید بە دوو رۆژان فێری دووچەرخە لێخورین بوە. نامیق (١) رۆژی هەزار گاشەو گلەمەت بە شوان (٢) دادەدا شوانیش ئەگەر دەستی وێ را بگا پیسی لێ دەدا . وەك کەلــــی مکور ، رۆژ بە رۆژ پتر بە گژ یەك دا دێن . پیاو نازانێ چی یان لێ بکا . ئەم جووتە منداله بەراستی ولاتیان ناخۆش کردوە. پیاو ناکرێ لە بەر خاتری بابیان چی‌یان پێ بلێ . دەی ،کورە منداڵن و ئینشالا چاك دەبن و نابەڵن چیدی خەڵك گاڵتەیان پێ بکا . جەلال و رەحمان وەسەر ئیمە کراونەوە. خوا هــــەل ناگرێ زۆر باش و توندو تولن . مال وحا لی کاك کەریمیـــش هەر وەسەر ئیمە کراوەتەوە . خەبەری عەولا (٣) نوك خۆرم نیە. بەیانی دەچم لە پای ئەوی تریان (٤) دانەیەك ئابجۆ دەخۆمەوەو کە غەزام خوارد دەگەرێمەوە . چبکەم بێ تەلیفونی پــــرزەی بریوم . پاش هاتنەوەم دەس بەجێ کاغەزی دی دەنووسم . زوو نەگەرێوە مژدە خان دەترسم رەدوو کەوێ ، جا ئەو دەمـــــی مەسلەتمان پێ ناکری . دوکتور سولتان الحمدالله ســـاخ و سلامەتە بۆ پیاویش سلامەتی لە هەمووشت باشترە. هێمن

---

(١) حکومەتی عیراقە . (٢)شورشی کوردستانە.(٣)مەلاعەولای - حەیاکی یە.(٤) مەبەستی هاشمی کەریمی‌یە.

نامە بۆ دوکتور قاسملو ۷٤/۷/۱۲

برای خوشەویست و بەڕێز کاك دوکتور ڕەحمان · هێشتا دانەنیشتبووم و ئارەقم نەستریبووەوە کە نامەی ۱۹۷٤/۷/۷ ـی جەنابتم پێ گەیشت ، بەکجار زۆرم پێ خۆش بوو· هیوادارم شادو بە کەیف و زاڵ و سەرکەوتوو بی · پێم خۆش بوو کە نامەکەی ئێمەتان پێگەیشتووە· چونکە مینە لێکدا لێکدا دەنووسێ نامەتان نایە، هەروەها زۆرم پێ خوش بوو کە کۆبونەوەکەتان بە خۆشی تەواو کردوە · ئێمە وەزعمان خەراپ نیەو ئەگەر لە جاران باشتر نەبێ خراپتر نیە · بەلام گەرما بەراستی جارزی کردوین · یەکجار زۆر گەرمە، تەپ و تۆزە ، گەردەلولە و هەوا هەر دەبێ وا ناخۆش بێ · پێشم وایە زۆر فێنکی ناکا ·

چوار ڕۆژ بوو چووبوومە لای ئاوالەکانی ترمان ، وەزعی ژیانیان دیارە تاریفیکی نیە · بەلام وەزعی روحیان بەتایبەت وەزعی روحی کاك حەسەن(۱) و هەستان و دانیشتن و کار کردنی زۆر باش بوو·

دیارە بۆ خۆی لە کار کردنی خۆتان ڕازی نەبوو· چونکە ئیمکان کەمەو هاتووچۆ دژوار· بەداخەوە ئەو شتانەی کە هێشتا ئێوە نەرۆیبون بۆمان ناردبون ، نەرۆژنامە ، نە کتێب و نە تێکوشەر هیچیان پێ نەگەیشتوە · دیارە قسەی قەدیمیان

(۱) کاك هاشمی کەریمی یە ·

راستە :

"بە غم خوارگی درجهان پشت من
نخارد کسی جز سر انگشت مـن"

رۆژنامەی ژمارەی٣٣ ی یان پێ نەگەیشتبوو، هەر وەهـا پەیرەو پروگرام و تێکوشەریش ، سەدیتم نارد کورانە زۆر زوو هەمووی بۆ هێنان ، ئەوانیش قەرارە بەیانی بەرێ یان بکەن. کا حەسەن جێگا دەگویزێتەوە بۆ ماوەی چەند مانگیك پتـر هەڵدەکشێ . دیارە بۆ خۆی پێش چونی من ئەو تەسمیمـەی گرتبوو ، تەگبیریان لێ کردبوو کە ئیمکانی کار کردن لـە سەرەوە پترە . خوا موفەقی بکا . دایکی ئاوارە (١) لە تروپکی کوێستانان بالۆران لێ دەدا . نەقڵی وای لێ دەگێرنەوە سـەر بە قور پێ پێدەگەنێ . چیکەم لەو نامە کورتە دا ئیمکانم نیە چەند نەقلیکت بۆ بگیرمەوە .

دیارە ئێمەش لێرە هەر لە سەر بریاری پێشوو راوەستاوین بەوانیشم راگەیاندوە ئەوی دیومن بە بریار وەفادارن . دەیان- گوت باوکی ئاوارە(٢) برێك وە پەلە پەل کەوتوە دیارە دەی ناسین ، زوو دەر هەل دەبێ ، دەوروبەر تەفسیرێ زوو لە سـەر دەکەن و دوایە دادەمرکێ . هەموو کارەکانمان بێجگە لە کاری

(١) خیزانی مەلا عەولای حەیاکی یە .

(٢) مەلا عەولای حەیاکی یە.

دوکتور (١) تەقریبەن تەواو کردون. لادەرەکان (٢) چا لاکیان وەك جاران نەماوە لە حالی حازر دا تێگیراوێکی ئەوتۆمان نیە . هیوادارم وەزع خوش بێ . دیوانەکەم وەرنەگیراوەتەوە ، بەلام تەواو بوە. پەنجا دانەی دەدەین تەجلید بکرێ ، پێنج دانەی بۆ تۆ دەنێرین . ئەگەر لە ئاخریدا غەلەتی تێدا پەیدا نەبێ زۆر کەم غەڵەتە. وەختی خۆم بە زایە نادەم لە بێکاری دا خەریکی تەحقیق لە سەر بەیتەکانی ئوسکارمانم . پارەکە بەیتێکم دابوو بە کاکی موهتەدی(٣) ئەگەر بکرێ وەری گریەوەو بۆمی بنێریەوە زور باش دەبێ . لێرە چاپ دەکرێ با بە زایە نەچێ . سلاوی تۆم بە هەموو خوشك و برایان راگەیاند ئەوانیش سلاوی ئێوە دەگەینن . کاك کەریمیش گاغەزی هاتون و جوابی دراونەتەوە .

برات هێمن

(١) دوکتور سولتانی وەنەمیشی یە .

(٢) چەند کەسی کوردی ئیران بوون بە یارمەتی شورشی کوردستان و بە رێنوێنی خالیدی حیسامی دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەجولانەوە .

(٣) کاك محەمەدی موهتەدی .

## نامە بۆ حەمەدەمینی سراجی		٧٤/٧/٢١

کاکە مینەی خۆشەویستم • فەقیرە رەحمان (١) هێشتا جلکی جحیلایەتی نەگۆڕی بوو کە من دەستم دا قەلەمە کوێت تا جوابی نامەکەت بدەمەوە • بە سەری تۆ جوابی هەموو کاغەز و کارتێکم وا بە پەلە داوەتەوە • نەگەیوە یا درنگ گەیوە خەتای ئێمە نیە و ئەو بۆڵەبۆڵەی ناوێ • خوا سلامەتت کا ئەتو جاران ئەوەندە بە پەلە پەل نەبوی • ئەحوالت پرسیوین ، با لە سەر را بۆت باس بکەم • خالیدو زلەخا زۆر باشن ، وردە دندوکەی نێو خۆیان هەیە ، ئەویش هیچ نیە • شیرین (٢) پتەی لێ دەی دەپچرێ• عەلی (٣)ش خراپ نیە • باسی نامیق و شوانیش هەر نەکەم باشە • هەر دوك زۆر بەدفەرن و رۆژ بە رۆژ بەدفەرترو شەرانی تر دەبن • سەیرە بۆ لە پێشدا باسی مژدەخانی نازدارم بۆ نەکردی • ماشەلا یەك رۆژەی دوو رۆژەیە • ئەم رۆژانە گەڕێن کوێستانی کردبوو، هاتبوە مالی ئێمە ، زۆر ژیکەلە بوە ، دایکیشی شوکر باشە • دوکتور (٤) تا ئێستاش ساز نەبوە، جا نازانم بۆ ، کەی ساز دەبێ • دیارە سوچی ئێمە نیەو رەحمانی قور بەسەر وەك تەشی هەلدەسورێ و وەك توتی شکر شکەنی دەکا • بەخوای چوزانم پیاو لە تاریکی دایە

---

(١) مەلا رەحمانی کاژەیی یە •

(٢و٣) مندالەکانی خالیدین •

(٤) دوکتور سولتانی وەتەمیشی یە •

بە شەرعیش غەیبەت باش نیە دەنا پێم وایە بێ کەیف نیە.
دەی . جەلال (١) ئەگەر چی زۆر بێ ئاوین بەلام نوێژ لە سەر
نوێژ دەکاو بۆمان دەپارێتەوە. خودا بەو دوعایانەمان دەگەڵ
بکا کە ئەو بۆمان دەکا . عەولا رەشیش (٢) هەر بۆ خۆی پێ -
رادەگاو لە تەیرو تیور تێکەڵی دەکاو ئەوی دەیلێ نایلێتەوە
با بێمەوە سەر خۆم ، وەلاهی زۆر بە گەرمایە ئی دەجارزم
ئەرێ بەسەری تۆ لە بەر موبریدەش حەجمینم نیە. کورە گەرماکە
زۆر سەیرە ، بەراستی پیاو هیلاك دەکا، سەیر ئەوەیە شەویش
فێنك نیە . کەم وەدەر دەکەوم هاتوو چۆی کەم کەس دەکەم چونکە
بە گەرما هەموو نارەحەتن . چەند رۆژ لەوەی پێش کاغەزیکم
بۆ دوکتور نووسیبوو تا دەکرا حالی برادەرانم پێ راگەیاندبوو
چوم چەند رۆژان لە پای کاك حەسەن (٣) غەزاو ئابجۆم خواردەوە
وەزعی باش بوو ئەزموونی وەسەر یەك ناوە ، بیرو رای جوانی
دەر دەبرین . ئاسنگەرەکەش (٤) باشترەو دەلێن هەڵدەسوورێ.
بەڵێنیم پێ دا وەسێتی بکەم لە جێگای منی دانێ . چونکە
هەرچی بێ ئەوەندەی کاکە عەینی (٥) بە کروزە کوڕزو سەرە ڕۆ
نیە . بەراستی عەینی بەرسینگەی لە هەمووان بریوەتەوە .
بابی ئاوارە (٦) بە دیداری خۆشەویستان شادو شوکر بوە. بەلام

---

(١) مەلا عوسمانی میراوەییە. (٢) برادەریکی نەخۆشی حیزبی بوو
(٣) کاك هاشمی کەریمییە . (٤) کەریم حەدادە .
(٥) مەلا سمایلی حاجییە. (٦) مەلا عەولای حەیاکی یە.

لە نۆك و باریدیش بێ بەش بوە ۰ خوا هەموو نیعمەتان وێکرا نادا ۰ ئەوی خودا داویە بەو، بە کێ داوە ۰ وەڵا نەقلی وایان لێ دەگێراوە، سەر بەقور پێدەکەنێ ۰ کاغەزی نووسیبوو لە بارەی چاو پێکەوتنەکەدا، بیرو رای تەقریبەن لە ئێمە نیزیك بوو وەزعی باشە، بەلام وا دیارە کە مێك تورمیەو دەگەڵ کابرای گۆرین ئەوی هەرزەوەرەو خۆی بە ئێستر دەزانێ قسەیان لێك هەڵدەبەزنەوە (١) چاپەمەنی بە کەس نەگەیشتبوو گەیاندمە دەستی، ئەوانەی پێشەوە قەرار بوو ئەوانیش زۆر زوو بەرێ بکەن ۰ لە سەر یەك وەزعی هیچ لایەکمان خراپ نیە ۰ چونکە بۆ خۆم تەلیفونم نیە ماموٚستاکەم (٢) رای ئەسپاردبوو بیبینم چوومە لای ، زۆر دڵسوزی فەرموو زۆر بە گەرمی لە تۆ و لە کاك کەریمی پرسی، گوتی ئەوە بۆ نایەنەوە ؟ خەیاڵی سەفەری هەیە، بەڵام وەدرەنگی کەوتوە ۰ کتیبەکەم بە خودا هیچ نەبێ ئەو هەفتەش دەکێشێ ۰ نە جەلال بە پەلەیەو نە ئەوان۰ دە س بە جێ بۆ کاك ئەمیری دەنێرین ۰

کاری دوکتوری(٣) نازانم بۆ چی وەراست نەگەراوە ، بزانین چۆن دەبێ، هەر خەریك دەبین ، چاك دەبێ ئینشا ڵا ۰ پاش گەرانەوەم هیچ خەبەری سەدیقم نیە ، نازانم چی بەچی کردوە ۰ نا نا دەستم لە هومێدی بەر نەداوە ۰

---

(١) نازانم مەبەستی کێ بوە ۰

(٢) ماموستا زەبیحی یە ۰

(٣) دوکتور سولتانی وەتەمیشی یە ۰

ھەتیوی رەزا خان وای ناخوا، رۆژێك دەبێ وەك هەموو زۆرداران تەخت و بەختی بە دەستی ئازادیخوازان وەرگەرێ.
بەداخەوە، گوێمان لە پەیکی ئیران نەبوو، کلك درێژ غیرەتیان بخوا، دەجا با وە قسە کەون تا کەنگێ مات دەبن . هەموو خوشك و برای ئێرە بە تێکرایي دوعا بۆ عەمرو ماڵتان دەکەن سڵاوتان دەگەێنن . سلاوی یەك یەکی برادەران دەگەێنم .

برات هێمن

نامە بۆ حەمەدەمینی سراجی "بێ تاریخ"

مینە گیان رۆژ باش ئەو کارتەی رۆژی چوار نووسیوتە ئێستا بە دەستمەوەیە . سەیر ئەوەشە چاوم لە بەژن و بالای مژدە خانە کە ماشالا سەد ماشالا نە بکەی نە بخۆی تەماشای سایەی گەردنی بکەی . کورەکان هەموو دوعات بۆ عەمرو مالی دەکەن . وەلا کوری چاکن بە تایبەتی ئێستا لە جارانیش باشترن . هەی لەبەر عەولای (١) خۆن، هەر فرکەی دێ خۆ لە ئاوو ئاور داوێ . هەرچی پێ بگوتری بێ سێ و دوو ئەنجامی دەدا .

لە کاغەزی دوکتور دا زۆر بە درێژی وەزعی خۆمانم بۆ نووسیون . بێجگە لە گەرما هیچ نارەحەتیمان نیە . پیاو پیاو بێ گەرماش تەحەمول دەکا ، هەر ویستم جوابی نامەکەت بدەمەوە، دەنا زۆر ماندوم و تازە لە مالی بابی رووتاك(٢) گەراومەوە و جوابی نامەی دوکتوریشم نووسیوەتەوە تا زوو بگا . هەر بنووسن و ئاگاداری وەزعی خۆتمان بکە سلاوی نوسرەت و مێردەکەی بگەێنە ، ئادریسی نازانم کتێبی بۆ بنێرم. پێش هاتنەوەی خۆت ئەگەر ئادریسی بنێری پێم خۆشە. ئیتر خۆشیت مینە گیان .

هێمن

---

(١) یوسفی ریزوانی یە .

(٢) سولیمانی یە .

نامە بۆ مەلا عەولای حەیاکی   ٧٤/٨/٢٥

پاش هەلگیرسانەوەی شەر لە کوردستانی عیراق بریار درا چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لە بەغدا نەمێنن و بچنە کوردستان، یەك لەوان مەلا عەولای حەیاکی بوو ماموّستا هێمن ئەو نامەی بۆ مەلا عەولا نووسیوە :

ماموّستای بەرێز! هیوا دارم هەموتان ساخ و سلامەت بن ئێمەش ماوین هێندێکمان بە حاڵ و هێندێکمان وەك جگی سواو • لەوێندەری خەبەری ناخوشم پێ گەیشتوە • ئیحساساتم بە سەر عەقلم دا غەلەبەی کردوو هاتم بزانم وەزعی ئەم ژن و مندالانە چۆنە ؟ کەچی ئەلحەمدولای وەزع باشە شوکر پێوەندیتان نەبراوە و کارە سات دەست و پێی لێ تێك نەداوم • رەنگە بێ تا گەرانەوەی من یەك دوو برامان بگەرێنەوە• لە ئاخر نامەدا کە شەوی پێش هاتنم پێم گەیشت و لە لایەن ئاورەحمانەوە (١) نووسرابوو زۆری هیوا دەربریبوو• کاغەزی باوکی کەمال (٢) زیاتر بە تەتەری عەرزی دا دێن و ئازایانەتر دەنووسێ • دیارە بە داخەوە بە هەزار حال بە رەمز بەعزێ شتی ناو خۆمان بۆ یەکتر دەنووسین • بەلام وا دیارە زۆر کاری بەجێ یان کردوە• ئەو برایەی هەمیشە بۆلە بۆلیەتی و خۆی

---

(١) دوکتور قاسملوە •   (٢) کەریمی حیسامی یە•

مات داوەو دەزانێ لە کاری کەس رازی نیە ، هیچ بۆ مـــن نانووسی . بەلام لە کاغەزی باوکی کەمال را دیارە بۆڵە بۆ ڵ دەکا . لێرەش پیاوی چاك زۆر لە ئێمە رازین . خزمەکانیش وەزعیان نەگۆراوە . هیچم لەگەل خۆم نەهێنا بەڵام ماڵی دنیا ئەگەر پێویست بێ کەم تا کورتێك هەیەو دەتوانین بـــە ئاسنگەری بگەیێنین . من حەقم نیە لە کاری ئێوەدا دەخالەت بکەم، بەلام نازانم کاك حەسەن تا کەی لەوێ دەبێ ، پێت وانیە رەخنەی بێتەوە سەر ؟ تا ئەوان نەیەنەوە ئێرە نازانم تەکلیفی من چیە ، چونکە بە ناشوکری نەبێ خۆم بوو مە بولغاسم .
ئەگەر ئەوان هاتنەوە قسەی لێ دەکەین . ون بوونی تۆ کەمێکی دەنگ داوە ، دیارە لەگەڵ رۆژنامەکە ، بەڵام توانیم بێدەنگیان بکەم. نە لە لای خزمەکانەوە ، بەڵکو لە لای خزمـی کاك کەریمەوە . تاریك و روون بە غەڵەت و پەڵەت بەڵام جوان و لە بار بلاو بۆتەوەو دەنگی داوەتەوە . هێشتا نەگەیوەتـــە دەستی خوێنەرانی کوردستان نازانم کەی بۆمان بەرێ دەکرێ.
دوکتور (١)ی ئێرە پێیوایە گریان بۆ ئەعساب باشە.
بۆیە شەو نیە دەستێك شین نەگێرێ. ماموستا پیاو دەبێ لـە تەنگانەدا پیاو بناسێ ، کەس لە دایکی مژدە خان باشتـــر دەر نەچوو. بە سەری تۆ وەك ئاسن و پۆلا وایە، هیچ ئێمـەی ئازار نەداوە . ئێمەش نەمان هێشتوە گەردی لە دڵی بنیشێ.

---

(١) دوکتور سولتانی وەتەمیشی بە .

کوڕەکان هەر سێك باشن • رەحمانی (١) کوری حاجیەکە زۆرت یاد دەکا • برا بۆیە یەك دوو برای ئێرە موحتاجن• تۆ خوا فەرق و جیاوازی مەکەن و بە قسەی قۆڕی وان مەکەن • بەیانی زوو دەگەرێمەوەو چاوە نواری رەفیقان دەبم • دوایە وا دەکەم بۆ خۆم یا یەکی دی بێتە ئێرە (٢) و پێوەندیتان پێوە بگرێ • کورەکانی وێ سڵاوت لێ دەکەن • منداڵەکان زۆر باشن • لاچاوی هەموو رەسوێکی خوێن شیرن ماچ دەکەم و دەستی حەسەنۆکەی دەگوشم و سلاویکی هەموو لایەك دەگەبنم • هەموو ئەوەی دەبێ نەنووسرێ بەزمان بە هەلگرم گوتوە •

هێمن

---

(١) دوکتور عەبدوالرحمان مەعروفە •

(٢) مەبەست سولیمانی یە •

نامە بۆ مەلای عەولای حەیاکی ١٩٧٥/٧/٢٤

سالی ١٩٧٥ بۆ چاو پێکەوتنی دوکتور قاسملو لە گەل مەلا عەولا سەفەری ئوروپامان کرد • ماموستا هێمن لە بەغداوە ئەم نامە شیرینەی بۆ مەلا عەولا نووسیوە •

ماموستا گیان

چۆنی ، چاکی ، خۆ بێ عەزیتی ئینشا لا ، ئەو ئوروپاو مروپایەت پێ چۆنە ، وەك سینەموکە (١) دێتەوە ؟

چاك بوو خۆت لە دەس گەرما و بی خانویی نەجات دا • کارتەکەم پێ گەیشت ، نووسیبوت بۆ نامەت نەنووسیوە • بۆ من دەمزانی تۆ لە کویي و چت بە سەر هاتوە تا کاغەزت بۆ بنووسم ؟

منیش لە سەر دەعوەتی براکانی کوردی سوریە خەریکم تا بیڕوت بچم • هەرچەند دەزانم فەرقێکی ئەوتۆ ناکا • خەم و پەژارە لە هەموو شوێنێك هەر هەیە • کورە ئەو دوکتورە (٢) خاوەن ماڵە کلکی پێ هەڵگرتوم ئەوەندەی ئەو چرچو پیسە ئازاری داوم ئەمنیەکانی ولاتێ خۆمان ئازاریان نەداوم • هەر روژە بیانوو پەلپیکی تازەمان لێ دەبینێتەوە •

---

(١) گوندێکە لە قەت پاڵی قەندیل بە دیوی عراق دا بەناو بانگ بوو کە مەلا عەولا لەوێ خۆش رادەبوێرێ •

(٢) دوکتورێك بوو بە ناوی هێمن خانومان لێ بەکرێ گرتبوو •

حاڵی گشتیمان هەر وەك خۆیەتی . کاکە مینە (١) وەك بـــــرا گەورەیەکی بە مشور بە سەرمان رادەگاو شیرینکاری وا دەکا کە پیاو لە خۆشیان وەختە باڵ بگرێ . دوکتور (٢) بەرە بـــەری بەیانی دێتەوەو پێش تاو هەڵات دەروا ، چاك چاك دەکا ،ژیان دەبێ ئاوا بوگزەرێ . قەرار وایە هەشتی مانگ بە خێرو سلامەت بڕواتەوەو ئەوەندەی دیاریش پێ هەیە لە ماڵێ حورمەتی بگرن.

ئەو ساڵ شەوەکانیشی گەرمن پیاو بۆیە بە جارێکــــــی وا شپرزەیە ، هیچم بۆ نانووسرێ . رەنگ بێ گەرما وای لـــێ کردبم . مومکینە هەر لێ چوبمەوە . بەس نەبێ کورە، بـــەرێ ـ وەڵا شاعیر گوتەنی :

دور مجنون گذشت و نوبت ماســـت

هرکسی پنجروز نوبت اوســــت

نۆرەی من بە سەر چوو، نۆرەی تازە نەفەسانە . تا پێم مابۆ وەك بابی عەجەمی بوم، کە لێم برا چم بە سەر دێ ؟ بۆ خۆشم نازانم. بە دەرەك هەرچی بەسەرم دێ با بێ . شیعریکی تازەم گوتـــوە ، وەك هونەری شیعر شتێکی باشە ، ئێدی حەقیقەتیکی سیاسی ـ یەو پیاوی سیاسی خۆ لە حەقیقەت دەبوێرن شتێکی دیکەیە. نازانم تۆ بۆ بە جەمال بەگ (٣) ت نەگوتبوو دەرۆم. چی وای نەمابوو کێشەیەك ساز بکا . گەلەکە یەکجار ناسکــــــــە،

(١) حەمەدەمینی سراجی یە .   (٢) دوکتور وەتەمیشی یە.

(٣) حەسەنی شیوە سلی یە .

گەلی ٩٩ ـ یە ، هەر یەکی خراپ بچوێنی دەیدوڕێنی . کورە-
کان بۆیان دەنووسن، گوتم ئەگەر لێتان برا بۆ خوشم بۆتان
دەنووسم . توخواکەی سلاوی کاك حەسەنم(١) بۆ بگەیێنە .
هەموو کەس هاتوتە دەر، هەر کاك قادری (٢) ئەو بە تاقی تەنی
لە ژوری نایەتە دەر. سلاوی کاك دوکتور (٣) دەگەینم ، هیوا
دارم ساخ و سلامەت بێ تا هەلێکی دیکە هەل دەکەوێ سەرێك
لە ولاتی دەداتەوە .

ئیتر خۆشیت هیمن

---

(١) کاك حەسەنی قزلجی یە .

(٢) ماموستا زە بیحی یە

(٣) دوکتور قاسملوە .

نامە بۆ کەریمی حیسامی "بێ تاریخ"

برای بەرێز و خۆشەویستم کاك کەریم

نامەی رۆژی ١٨ای مانگت رۆژی ٢١ گەییە دەستمان . هەزار ئافەرین بۆ چەپەرت . برا خەم کەم بوو خەمی عەمەل کردنی کەماڵ ت(١)بۆ نووسیبووم . ئەویش نەدنووسیبوو، بۆ چی عەمەل دەکرێ ؟ بە جەلال(٢) م گوتوە پاش هەموو نوێژان بۆی بپارێتەوە . دەنا تازە دوعای مەمانان ناگاتە بارەگای باری ـ تەعالا، حەیف بە لاوی نەهاتمە ئەو وڵاتەو ئەو عیبادەت و نوێژو رۆژوانەم بە خۆرایي کرد. ئەمن کە هاوینی ئەو ساڵم لێرە تەحەمول کرد ، هەزاران ساڵ دەتوانم لە سەر کڵی جەهەندەمێ رای بوێرم . نازانی گەرما چ دەکا ، تەپ و تۆزێکە هەر باسی مەکە . لەبەر موبەریدە وەك با رێزە ئارەق دەرێژم . ئەمما بە سەری تۆ بەو حالەوە یەك دەقیقە بێکار داناتیشم، هەر دەنووسم و دەخوێنمەوە . بەیانان رەحمان ئەگەر بێکار بوو تاقەت دێنێ، بەیتەکانی ئۆسکارمانی بۆ دەخوێنمەوە ، ئەویش تایپی دەکا . تا ئێستا پتر لە ١٥٠ لاپەرەمان هێناوەتە سەر خەتی خۆمان. بەراستی شتێکی زەریفەو من بۆ خۆم زۆر کەلکی لێ وەردەگرم . خوڵا بکا رۆژێك ئەوانە چاپ بکرێن . جا دەزانی شیوەی موکریان چەندە دەولە- مەندە . شاییم بە خۆمە کە هێشتا نەگەیومە پێنج وشەوا کە

---

(١) کوری نووسەرە .   (٢) مەلاعوسمانی میراوەییە.

ئەم بیستبێ و مانای نەزانم• ئەویش لە سایەی کرمانجی یا ئاغایەتیمە • زۆر کەم وەدەر دەکەوم، ئەویش تەنیا بۆ کۆری زانیاری یا کن کاك عەولا(١) جار جارەش ماموستا (٢) کەم ئینزارم دەکا • بەڵێ کاکە زۆر بە ئاسودەیي چوومە کن ئاوالەکانی پێشەوەمان • چوار رۆژ دەگەڵ کاك حەسەن و ئاسنگەر و لە خزمەت عەینی دا رام بوارد• بە داخەوە چاپەمەنیەکانیان پێ نەگەیشتبوو ، بۆم ناردن قەرار وا بوو ئەوانیش بۆ هەموو لایەکی بنێرن لەسەر یەك حالی هەموان باشە و تا خەبەرم هەیە لەنگ و لۆرمان نیە کۆڵ و مۆڵەکان(٣) وەزعیان باش ماوە بابی ئاوارە (٤) بە دیداری گەردن کێلی خۆی شاد و شوکر بۆتەوە ، جا نازانم چ خەمی لە دلی دا ماوە•

ئەگەر ئەوەندە پەل و ست نەبان لە رەحمان و جەلال زۆر رازیم• چم بە دەست با لە هەر دووکان ئینسانێکم درووست دەکرد، جا بزانە چیان لێ پەیدا دەبوو • لە بیرتە دەلێن کابرایەکی وەك من پیر کچێکی بە زامن هێنا ، بەلام مەعلوم بوو دۆراندویەتی و بن بەتالە • کابرا دەنگی نەکردو سر پۆشی کرد• بەلام بەیانی کە چۆوە، تەماشای کرد خانم خەریکە گوێي کون دەکا • کابرا ئیمانی پێ نەما دەر هەڵ بوو گوتی :

---

(١) یوسفی ریزوانی یە• (٢) ماموستا زەبیحی یە •

(٣) مەلا سەید رەشیدە کۆڵەیە• (٤)مەلاعەولا حەیاکی یە•

ئەوەی دەبوو لە ماڵە بابت کونی کەی لێرەی کون دەکەی ،ئەوەی دەبوو لێرەی کون کەی، لەوێت کون کردوە • خالیدیش ئەوەی دەبوو سالی هەفتای کردبایە ئێستا دەیکا ، دووچەرخەی کریوە بۆ هەموو جیگایەك بە دووچەرخە هات و چۆ دەکا • ئێستا کە دوکتور (١) نەماوە، براژنە روونالك (٢) هەیە • بەختی هاری هەر دەباری • قەیدێ ناکە با مینە (٣) فەقیرە برێك بسورێتەوەو لێو ئال و چاو کاڵی ئەو وڵاتانە ببینێ بزانێ چەند بە سەلیقەیە• رەنگە بێ ئەگەر ئەوەی خوێندەوە تورە بێ و بڵێ کابرا بۆ بێ سەلیقەم •

کاکە گیان لەبیرم نەبوو بۆت بنووسم خانوەکەی ئەو ساڵمان دەوری چۆلە • ئەرێ وەڵاهی سەرە رای ئەو هەموو گەرمایە شەوانە کە فێنکی کرد، دەبێتە چەق و لوریك ئەو سەری دیار نیە • خۆزگەم بە خۆتان کە نووسیوتە، گوێتان لە چەق ولور نیە • شەوانە کە تاژی و تولەکان چەق و لوریان دێ ئەم شیعرەم وەبیر دێتەوە کە یادی بەخێر بێ دوکتور قاسملو زۆری دەخوێندەوە :

شغالی بیشەای مازندران را
نەگیرد جز سگ مازندرانی

ماڵ هەر بۆ خۆی نەبوو میوان لەوەندەی تریان کرد•

---

(١) دوکتور قاسملو• (٢) خیزانی حەمەدەمینی سراجی•

(٣)حەمەدەمینی سراجی یە •

بۆ خۆت دەزانی من وەکی دی خەوم نیە ، گەرماو چەق و لوریش لەوێ راوەستێ . سلاوی براژنە خەجیج دەگەینم ، چاوی مندا۔ لەکان ماچ دەکەم . دیسان هیوا دەر دەبرم کە کەماڵ ساخ و سلامەت بێتەوە دەر . بە داخەوە دیوانەکەم هەروا دێ وەدرەنگی دەکەوێ۔ دەنا هەموو شتی تەواو بوە نۆرەی وەبەر ناکەوێ . کاغەزی سەربەخۆ بۆ ماموّستا (١) دەنووسم و شتی بۆ دەنێرم . جاری دەستی ماچ دەکەم . دوکتور (٢) چاکەو سلاوت لێ دەکا و هیچ وێ ناچێ کە وا زوو دەرچێ و دەرباز بێ .

برات هێمن

---

(١) کاك حەسەنی قزلجی یە .

(٢) دوکتور سولتانی وەتەمیشی یە .

نامە بۆ کەریمی حیسامی "بێ تاریخ"

برای خوشەویستم کاك کەریم

نیوە شەوە، لە حەمام هاتومە دەروو لە بەر پانکە دانیشتووم تا بتوانم ئەو نامەت لێ بنووسم . دەنا لە گەرمان و لە بەر ئارەق کردن نووسین کاری حەزرەتی دێوە . جەهەندەمێکە خوا بە رەزا خانیشی رەوا نەبینێ . خەراپەکەی ئەوەیە ئەو ساڵ شەوەکانی گەرمن، هیواش هیند هەیە دڵیش ئەوەندە خۆشە کە پیاو بتوانێ بەری ئەو هەواو بانە بگرێ!. لێت پرسیوم . وەللا هەر وەك جاران وام . جگە لەوەی کەس نیە قسەی لەگەڵ بکەم، بۆخۆت دەزانی قسە کردن دەگەڵ هەموو کەسیش خۆش نیە . نووسیبوت حالتان شرە . ئەتۆش نەتگوتبا دەمزانی . هیچ شتم پێ لە خۆ فریودان ناخوشتر نیە . جا ئەگەر ئێمە حاڵمان شر نەبێ کێ حاڵی شرە ؟

خەریکم سێ مانگ بەرەو بێروت هەڵفڕم بەڵکە برێك بحەسێمەوە . هەرچەند دەزانم :

«بە هر کجا کە روی آسمان همین رنگ است». نازانم چۆنت زانیوە شیعری تازەم گوتوە . بەڵێ شیعرێکی تازەم هەیە، بەلام شورشگێرانە نیە ، بەڵکە بەیانی حاڵی پەریشانی خۆمە . دەڵێم:

دەستی بەر بووی کچی گەڕی شاییم

هەستی خینکاوی لاوی سەوداییم

چلە ریحانی دوورە دێـــــــــراوم
ســازی ناسازی هەڵپەســێـــــــراوم
موغی بێ ئاگری شـــەوی یەلـــــدام
چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیـــــدام

دڕێژن و هەموویان لەو بابەتەن . ئیتر خۆشیت ســـــــلاوی کاك حەسەن و براژن و مندالەکان دەگەینم .

برات هێمن

نـامـه بـۆ دوکتـور قاسملـو "٧٥/٨/٤"

بــرای خوشەویستم کاك دوکتور قاسملـو

رۆژی چواری مانگه ، به ساخ و سلامەتی گەیشتوومە بیروت و ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم • هیوادارم ساخ و سلامەت و بێ ئازار بی • ئێمەش هەر وەك جارانین گەرما و دووری ئێوە نەبێ چ خەمێکمان نیە • دوێنێ قەرار وا بوو ئیمرو مینە(برودبا لا) و سەری هەوا لان بدا • بەغدا کرو ماتە، لە جێژنەکانی تەموز دا بێجگە لە مامۆستا زەبیحی تەواوی زیندانی سیاسی کوردیان بەردان • بەلام بەو حالەش خەلك زۆر رازی نیە • ئێستا زیاتر کارەکانمان رەحمان رای دەپەڕێنێ و زۆریش توندو تۆلانە کار دەکا • بە تایبەتی کە برای ئەولا فارسی دەزانێ • بریا گوێت لێ دەبوو کە رەحمان بە چ زمانێکی شیرین فارسی قسە دەکا!

دوکتور گیان بەلای منەوە گرینگە ئەگەر ئێمە بتوانین لە ئوروپا مەنشوراتی حیزبی بلاو بکەینەوە و لە دژی ئەوانەی سەر بە نامیقن بنووسین کە بە بروای من هەموویان پیاوی سازمانن • لەو حالی رکودەدێینە دەرو ئیزهاری وجودێك دەکەین • کورد کوتەنی با عاقل بین و چیدی بەرخی خۆمان بۆ گیسکی خەلك بە ئاو دا نەدەین • ئێوەش بیری لێ بکەنەوە وەزعی خۆمان لە پێش چاو بگرن و خەریك بن زوتر بریار بدەن •

توخوا با ئەو قسەت بۆ بنووسم • هەموو دانیشتوین مینە گوتی : ئەوانەی پێم گوتی دەس بەجێ بۆ دوکتوریان بنووسە •

له بێروت سانسور مانسور نیه . گوتم باشه ، شیرینکاریه‌کا-نی تۆ و ره‌حمانیش به درێژی بۆی ده‌نووسم . مات‌بوو ، پاش ده‌مێك بردمیه ئه‌ولای و به‌دزی پێی‌گوتم :
برا گیان نه‌وه‌ك نامه‌كه‌ت وه‌گیر خه‌لك كه‌وێ ، باسی گاڵته‌ی ناو خۆمانی تێدا مه‌كه. یانی شتی نهێنی حیزبی وه‌گیریش بكه‌وێ هیچ نیه . به‌لام قسه‌ی ناو خۆمان خه‌لك بیزانێ خراپه . قه‌ولم دا كه بۆت نه‌نووسم ، بۆشت نانووسم . به‌لام ئه‌وه‌نده ده‌ڵێم شیرینكاریه‌كی له‌و رۆژانه‌دا كردوه ، مه‌لای مه‌زبووریش نه‌یكردبێ . حه‌یف نه‌متوانی بۆت بنووسم .

برات هێمن

نامه بوکەریمی حیسامی "٧٥/٨/٤"

برای خۆشەویستم کاك کەریم

شەوێ ساعاتی ٩ی ئێوارە بە ساخ و سلامەتی گەیشتمە بیروت پێشوازی یەکی باشیان لێ کردم . بەلام(با هر کجا کەروی آسمان همین رنگ است) . بە سەری تۆ تا گوێم لە بانگی بەیانی بێروت نەبوو ، خەوم لە چاوی نەکەوت . ئێستا بە خەوئالوی ئەم نامەت بۆ دەنووسم . هەموو باشن تا مـن هاتووم خوێن لە کەپۆی کەسمان نەهاتوە؛ کەس بە مریشکی نەگوتوین کشە . رەحمان وەك مەکوك دێ و دەچێ، کاریش زووتر رادەپەرین مینە (١) دەبێ ئیستا لە سەرێ بێ . دوکتور (٢) رۆژی شەش دەڕوا . ئەمما برا جانتا ئاخنین وا دەبێ . نەك وەك تۆ بە گوێزو کەشك و بروێش و ماش . ئەو بە خەز و بەز ، بە شتی جوان و نایابی ئاخنیوە. دوێنی پر بە ماشێنێکی بەستە هێنابۆوە . لیێ پاراینەوە نیشانمان بدا . وەللاهی بووکی عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد شتی وای بۆ نەکردراوە . زلەخا لاقی بە عەرزەوە ویشك ببوو ، چاوی خوارو خێچ ببوون و متەقی لێ برابوو . من قسەم هاتن حەیف لەوێ نەبووی گوێت لێ با . نە لە بیرم ماون و نە دەتوانم هەموانت بۆ بنووسم . هەر ئەوەندەت بۆ دەنووسم ، گوتم :

---

(١) حەمەدەمینی سراجیە. (٢) دوکتور سولتانی وەتەمیشیە

دوکتور ئەو جانتایەم دەیەو لە جێی خۆت من بنێرە، ئەگەر حەرەمسەرای مەلیك سعودم پێکەوە نەنا دەستم ببرە.
کاکە : کاغەزم بۆ دوکتور (١) ناردووە ، دیارە پێت رادەگەیێنێ پێویست ناکا من بۆت بنووسم. دڵم نایە بڵێم زوو وەرە وە. دەزانم ئینسانی و حەقت هەیە کاری تایبەتی خۆشت جێ بەجێ بکەی. بەلام رەنگە بێ درەنگ هاتنەوەت باش نەبێ. سلاوی کاك حەسەن (٢) دەگەیەنم. لە جێژنەکانی تەموز دا هەموو کەسیان بەردا ، بە داخەوە دۆستەکەی ئێمە (٣) وەبەر نەهات ـ بێجگە لەوەی بەر نەبوو ، کەس نەماوە خزمەتی بکا .

برات هێمن

" لێرەدا نووسراوەکانی ماموستا هێمن تەواو دەبن "

---

(١) دوکتور قاسملوە .

(٢) کاك حەسەنی قزلجی‌یە.

(٣) ماموستا زەبیحی یە .

هێمن لە نەخۆشخانە

سالی ١٩٧٥ هێمن لەبەر نەخۆشی فرە هیلاك و شپرزە بوو· ناچار لە نەخۆشخانەیەکی اعصاب خستمان · نیزیکەی ٢٥رۆژ لە خەستەخانە بوو· خەبەری نەخۆشی هێمن بلاو ببۆوە · ئەگەر دەبوو بە پاش نیوەرۆ، تا ساعاتی ٨ی ئێوارە دەورو بەری هێمن لە خەستەخانە دەت گوت دەورو بەری شایي و زەماوەندە·
خوێندکارانی کیژو لاوی کورد لە زانکۆ،زانستگاکانی بەغداوە لە سولیمانی و هەولێرو شارەکانی کوردستانەوە روویان دەکردە نەخۆشخانە و لە دەوری هێمن دادەنیشتن · نەخۆشیەکەی لەبیر دەچۆوە ، بە قسەی خۆش و جار جار قۆڕ ئەو عالەمەی شاد دەکردو بە ناچاری شەو دا دەهات دەبوو بەجێی بێلن · پاش ٢٥ رۆژ لە خەستەخانە هاتە دەروو دەبوایە لە مالێ بەحەسێتەوە هێندیك حەب و دەرمانیان دابۆیە کە بە کاری بێنێ · رۆژیك خالید هات گوتی : ماموستا زۆر هیلاك و شپرزەیە ، زمانی ناگەرێ ئەگەر چوینە ژورەکەی ماموستا دەلەرزی و هاواری دەکردوو حەجمینی نەبوو · بە زەحمەت زمانی دەگەرا · چووم دوکتورم هێنا ، دەرمانی بۆ نووسی ، فایدەی نەبوو دەلەرزی و

هاواری دەکرد . شەو دوکتوریکی دیکەمان هێنا ، دەرمانەکان کاریان نەدەکرد ، تا رۆژ لە دەوری هێمن دانیشتین و شەمۆڵەمان داگرتبوو . هێندیك لە برادەران دەگریان . بەیانی چ بکەین ، ماموستا زۆر پەریشان بوو . برادەران گوتیان بچۆ بالویزخانەی سۆڤیت ، بەڵکو رێگا بدەن دوکتوری ئەوان بێ تەماشای بکا . چوومە بالوێزخانە سۆڤیت لە بەغدا . چاوم بە کار بەدەستیکی بالویزخانە کەوت . باسی خۆمانم کردو گوتم نەخوشیکمان هەیە گەورەترین شاعیری ئەو سەردەمەی کوردستانە حالی زۆر شپرزەیە ، هاتوم رێگا بدەن بیبەینە خەستەخانەی ئێوە ، یان دوکتور بێنە مالێ تەماشای بکا .
ژمارە تەلیفۆنی لێ وەرگرتم گوتی پاش سەعاتێك خەبەرت دەدەمی . گەرامەوە، ماموستا زۆر شپرزە بوو ، برادەران زۆر ناراحەت و نیگەران ببوون . زۆری پێ نەچوو تەلیفۆنیان کرد . کابرای روس بوو گوتی نەخوشەکەی بەرە خەستەخانەی ئیمە ناوی تۆ لەوی یە . زۆر بە زەحمەت ماموستامان سواری ماشین کرد ، بردمانە خەستەخانەی سۆڤیەت کە تایبەتی بۆ ئەفرادی خۆیان بوو . بردیانە ژوور ، رووتیان کردەوە . دوو دوکتوری ژن هاتنە سەری تەماشایان کردو خوێنیان لێ گرت . گوتیان دەرمانی خواردوەو ئارەقی خواردۆتەوە . نەگەیشتبا ئێرە دەمرد . دوو ئامپولیان لێ داو درێژیان کرد . پاش سەعاتێك هاتەوە سەر خۆ دەستی کرد بە قسە . دوکتور گوتی نابێ ئارەق بخۆیەوە . خۆت پێ رادەگیرێ ؟ ماموستا گوتی :

ـ بەڵێ خۆم رادەگرم ، ناخۆمەوە ٠

ـ راست ناکەی ناتوانی ٠ بەلام دەبێ کەمی کەمیەوە ، رۆژێ چارەگیك بخۆوە ٠

دوکتور گوتی : ئێستا دەرمانی دەدەمێ ، تا ئەو دەرمانانە تەواو دەبن نابێ ئارەق بخواتەوە ٠ دەرمانمان وەرگرتوو ماموستامان هێناوە ٠ بە خالیدم گوت نابێ ئارەقی بۆ بکری ٠ ماموستا هاتەوە سەر خۆ تا شەوێ خۆی راگرت ٠ سەعات دەی شەو هاتە دەرو گوتی :

ـ بیرەیەکم بۆ نەهێنی دەمرم ٠

ـ ماموستا دوکتور نەیگوت نابێ بخۆیەوە ؟

ـ باشە ناخۆمەوە بەلام ئەوشۆ ئەگەر بیرەیەکم نەدەیەی دەمرم ٠

شێوەی قسە کردنەکەی جورێك بوو نەدەکرا قسەی بشکێنم٠ سواری ماشین بووم چووم لە مەسبەح بیرەیەکم بۆ هینا ٠ بەیانی نەم هێشت ئارەقی بۆ بکرن ٠ دەچوومە سەری و دەرمانەکانم پێ دەخوارد ٠ شەو دیسان هات و گوتی :

ـ ناچی بیرەیەکم بۆ بێنی ؟

ـ نابێ ماموستا سبەی چ بە دوکتور بڵێم ؟

ـ خەوم لێ ناکەوێ ، مردن خۆشترە٠

سەید رەسوڵی بابی گەورە گوتی :

ـ ئێمە شەوانە کێشك دەکێشین تۆ کە خەوت لێ ناکەوێ باشترە با ئەو شۆ نۆرەی تۆ بێ ٠

ماموستا دەر هەڵ بوو ئەوی دەیگوت نەی دەگوتەوە ٠

ئەو نامانەی بۆ ماموستا هێمن هاتون

ئەو نامانە زۆرن . هێندیکیان بۆ چاپکردن نابن ناچار دەستێکیان تێ وەردەدەم و چەند نامەیەك چاپ دەکەم . لامۆایە ئەگەر هێمن خۆشی لە ژیان دا بایە هەر وای دەکرد .

نامەی " خدر عطی ئیبراهیم پشدەری " لە دەربەندی خانەوە

ماموستای بەنرخ، جێگەی شانازی بۆ هەموو لایەك ،
ماموستا هێمن . سەرکەوتن و شادمانیت ئاواتی هەمیشەی منە . پێشەکی لە کانگای دڵێکی پڕ خۆشەویستی بەرامبەر تۆی بەرێز سلاوت لێ ئەکەم . سلاوێك کە لە گڕو گڵپەو بڵێسەی ئاگری نەورۆزی پیرۆز بەتین تر بێ ، لە تەواوی دیمەنە سروشتیەکانی کوردستان جوانتر بێ ، لە دیمەنی بەهاری کوردستان رازاوەتر بێ .

نامەوێ باسی بەهاری کوردستان بکەم ، چونکە خۆت ماموستای وەسفی بەهاری کوردستانی . لە هۆنراوەی " بەهاری کوردستان " دا هیچت بۆ کەس نەهێشتۆتەوە .

ماموستای بەنرخ من زۆر حەز لە خوێندنەوەی هۆنراوەی هۆنەرە کوردەکان دەکەم . بەلام هۆنراوە کە زۆر خوێندرایەوە

لێی وەرەز دەبی . بەلام ئەوەی تا ئێستا لێی وەرەز نەبووم و جێگەی خۆی کردۆتەوە لە دڵمدا ، دیوانە بەنرخەکەی تۆیە .
هەر کاتێ دیخوێنمەوە خەم و خەفەت دام دەگرێ و زۆر پەریشان دەبم کە دەبینم زۆربەی هۆنراوەکانت مانای ژیانێکی پڕ لە ئێش و ئازارو خەم و خەفەت دەر دەخات. بەلام دوای کەمێك بیر کردنەوە خەم و پەژارەکەم نامێنێ و دڵ شاد دەبم ، چوونکە ئەبینم کە گەلی کورد ڕۆڵەی وەکو ماموٚستای بەنرخ ماموٚستا هێمنی هەیە کە توانیویەتی خۆی لە بەرهەموو ئازارو تاڵی و سوێری ژیان رابگرێ . هەر بژی ماموٚستا .

" نامەی حەمەمین ناوێك "

بۆ مامۆستای پایە بەرزم مامۆستا هێمنی بەرێز
لە کاتێك دا ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم ، خەم لە دڵم دا پەنگ دەخوا و جینگەڵ دەبەستێ و سەوز دەبێ و چرۆ دەکا .
برینەکانم لە گەڵ برینی هەموو مرۆڤێکی دڵ ناسك و هەست بەرزو ئاوارە، گۆبکەو قۆزاخە دەکەن ، سەر دەردێنن ، سەرنج دەدەن ، شینایي لە سروشتە دێرینەکانم دا دەبینن و دەگەشێنەوە .
هیچم شك نەدەبرد بیکەم بە دیاری ، خەجالەت خۆم،تەنیا لە قەڵەم زیاتر غەیری ئەوە هیچی کە شك نابەم. هەر بەویش دەتوانم دەردو ئاهوو ناڵەی دڵە خەماویەکەم دابمرکێنم . تف و لەعنەت لە هەموو قەڵەمێکی سەر شۆڕو ئوچ خوارو نوك گیر دەکەم . تف و لەعنەت لەو قەڵەمانە دەکەم کە مێژو بۆ براوەکان دەنووسن . ڕێزو چۆك دادەدەم و سوژدە بۆ هەموو قەڵەمێکی پاك دەبەم لە هەرچی لایەك بێ و لە چی جێگایەك بێ . بە تایبەت لە ... هیوا دارم ئەو لێوەت قەت ویشك نەکا و ئەو زمانەت قەت لەنگ نەبێ و ئەو دڵەت قەت لە لێدان نەکەوێ ، وەکو کانیاوی ناو چیاکانی کوردستان جۆش بخوا و هەڵ قوڵێ

هەر هەڵقوڵێ ، درو یاقوت و مەرجانی لێ دەردەکەوێ .
ماموّستای بەرێزم بوّیە ئەم نامەیەم بە شێوەیەکی کلاسیکی نەنووسیوە ، چوونکە ویستم هەست و نەستی خوّم دەر ببرم و بەر پرسیارم لە هەموو وشەیەکم کە نووسیومە . چوونکە وشەی راست هەڵوێستە ، بوونە ، پەیمانە ، بروایە ،روشنبیر ئەم راستیە هونەری یەی تێدا نەبێ ، نەمانی باشترە بوّ چیمە ! بوّیە ئەم نامەیەت بوّ دەنووسم تا هەڵوێستی من بوّ شاعیریکی بلیمەتی کورد دەر بکەوێ ، بە بێ رووتووش ، بە بێ سوراو و سپیاو ، بە بێ ریش و سمێڵی دەسکرد . ئەو قەڵەمەی کە پێشکێشی بەرێزتی دەکەم قەڵەمێکی حەق و راست پەروەرە . عەهدە کردوومە تا من خاوەنی قەڵەم بم ، ئەبێ هەر بوّ نەتەوەکەم بێ ، بوّ نیشتمانەکەم بێ ، بوّ کوردی چەوساوەو مروڤی چەوساوە بێ ... جا هیوادارم ئەم دیاریەم لێ قەبوڵ بکەیت .
ئیتر تەمەنی درێژت ئاواتە خوازم .

نـامەی جەزا عطی ئەمین ٢٤ی نیسانی ١٩٧٧

مامۆستام هێمن . ئەوە هەناسەکانی خۆتن کردوومنە چەند تابلۆیەك و بە دیوارەکانی نالەی جودای ـ م دا هەڵواسیون .
ئەوەی لێرە دیوانەکەی خوێندبێتەوە ئەو رەستانەشی دیون...
هەر تۆ ماوی تۆش فەرموو .

هەناسە شیرینەکانی هێمن . ئەوە نالەی جودایی یـــــە ، کەپرێکە دەتوانێ هەناسەی گەرم و خەمی شەمزاوی لەبن دا کـۆ کەیەوە .

نا ئاهەنگی زەماوەندێکی ترە ، ئیمرو نا سبەی ، سالێکی دی دووانی دی دەبێ هەلپەڕێ ، بتەوێ و نەتەوێ ئاھ هەمـــوو پێکەوە وەك پەپولان ئەو کەژانە پڕ دەکەین لە ڕەنگ ...

لە ناو باوەشە گوڵی پیتەکانەوە گەشتێکی ئەبەدی دەکەم ، دەبینم دەمار سووتاوەکان بووژاونەوە .. خەمە سەرەکـــــان وەخلیسکە هاتوون .. خۆ ناگرن .. دەخزێن.. نشیوان پـــڕ دەکەنەوە .

دێرەکانی ئەم دیوانە هەنگاوە شپرزەو ئاوارەکانی خۆیەتـی ئێمەین .. وەرن گوێ بە دڵی هێمنەوە بنێن .. بە بڵینـــدی کێوی هیوادا سەرکەون .. تا تۆوی چیا لە ناو دڵتانا دەروێ.. لە خەم و دەرەخسێنێ .

لە چاوەکانی هێمن ورد دەبمەوە ، تێ دەگەم خەم لە کێـــوی بێستون گرانترە .. بۆ سۆی جل و بەرگ و پێستی دێ کەچـــی دانامرێ .

دەبینم دەڕوا .. نا مەڕۆ .. دەکەوی نەرۆی.. زەوی لە ژێـر پێیتا دەجمێ تاریکایي کەژی نیوەرۆ دادەگرێ .. گڵێنـــــــە تەرەکان بەر دەبنەوە ، وەك پۆلوی سەر کڵ دەسووتێن (نیزیـك وەبە هۆنراوەکان بە بێ کەسی مەهێڵەوە .. لە بەر دەمی گێ دا جێمان دێلێ) .

با دەنگی هێمن دەهێنێ وا دەڵێ :

ـ ئەگەر ریێی نادیار لە کۆڵم کا .. وەبلم پێ داخا ، هەنگاوەـ کان بەردەوام لێ دەدەن .. لە شەوەکانتانە هەڵیان کەن .. لـــە بنیانا دانیشن .. دزەکان هەڵ دێن .. شوێن پێ یان بزر مەکەن .. من پیلوی چاوەکانی ئێوەم .. رەوەبارانی ناوەختم لـــــە چلەتانا ڕادەکەم .. تا شەوەکانتان نەبنە بێژنگ هەدا نادەم.. هەدانادەم ..

نامەی مژدە صابیر "١٩٧٧/١٢/١٩"

بەڕێز کاک هێمن

یەکەم سلاویکی گەرمت پێشکیش دەکەم کە جوانتر بێ لە گوڵاڵەو بۆن خۆشتر بێ لە هەڵاڵەو جوانتر بێ لە شارە جوانە ـ کەمان کۆیە .

کاتێک شیعرەکانی تۆ دەخوێنمەوە ، هەستی کوردایەتیم ئەبزوێ و زۆر دڵخۆش دەبم بەوەی کە گەلی کوردمان زۆر شاعیری بە ناو بانگی تیا هەڵکەوتوە .

ئایا شاعیری ئێستا لەگەڵ شاعیرانی کۆن چ جیاوازیان هەیە؟ رام لە بەرانبەر ئەوە دا شیعری کۆنم پێ جوانترە، ئایا هەستی تۆ بەرانبەر بەو شیعرانە چیە ؟

من قوتابی‌یەکم لە کۆیە و تەمەنم ١٧ ساڵە ، دەمەوێ بە نامە ولامم بدەیەوە .

مدرسة ثانویه کۆیسنجق للبنات

نامەی احمد کریم زاسدار ـ کەرکوك ٢٢/٦/٧٧

بۆ ماموستای ئاوارەم هێمن کوردستانی
ماوەیەکی زۆرە وەکووخولیایەك لە مێشك و هەستم دا دەمەوێ هەمووهونەرمەندو هۆنەرو ئەدیبێکی کورد بە سەر بکەمەوە۰
ماموستاکەم هەرچەند ناوەکمت بەر گوێچکەم دەکەوێ و یا لە سەر زمانم دووپات دەبێتەوە ، تەزوێکی خۆشی و ناخۆشی بە ئازای گیانم دا دێتەوە ۰ خۆشی لە بەر ئەوەیە کە توانیتەوە وەك کۆڵنەدەرێك ، وەك جەربەزەیەك لە حەیاتی وشەکانتەوە خۆت بخەیە دڵ و دەرونی هەموو یەکی لە ئێمەوە ۰ ناخۆش لەبەر ئەوەی دوور لە هەموو کەس و کارو لە ژیانێکی ئاوارەیی و پر ئازاردا دەژیت ۰ جا لەم بۆ چوونانەوە دەمەوێ ببمە یەکێ لە هاورێیانی خۆشیت و شەریکت بم بۆ هەموو خەمەکانت ۰
پڕ بە دڵ رێزو سلاوت ئاراستە دەکەم و هیوام وایە لە خۆشیدا بژیت ۰ هەر دەم زاڵ بی بە سەر کۆسپ و تەگەرەکانی رێگای ژیانتا ۰

نامەی پارێزەر "کاردۆ قهار گەلاڵی

٧٨/١/١٩

شاعیری گەورەی نەتەوەو ماموستام هێمن

وێرای رێزو سڵاوی گەرم . ئومێد دەکەم هەمیشە تەن دروستیت باشی بێ و شادو کامران بی . لەم بەینانەدا لە بەغدا بوم . بە رەغمی ئەوەی زۆر منەشم بە دوای بەرێزتان کرد بەلام بەداخەوە نەم دیتن .

هەر چۆنی بێ بڵاو بوونەوەو خوێندنەوەی وتارەکەی پاشکۆی عیراقتان عەویزەی ئەو نەدیتنەی بۆ کردینەوە . بروات هەبێ هەرکە رۆژنامەی ناو براو گەیی یە هەولێر ، هەر با با بوو دەیویست زوو فریای کرینی بکەوێ ... تەنانەت لە بەر هەرمێن و کەرەسیسەی خەلکی خوێنەر ، فرۆشیار نەدەوێرا لە سەر رەفتەی کتێبخانەکەشی دانێ .

ماموستا .. برادەرێکی هونەرمەندو بەهرەوەری رەسەنم هەیە شاکاری باشی لە هونەری وێنەکێشان هەیە . زۆریش مردووی شیعرو نووسین و ناو دەنگی بەرێزتانە . لەم نیزیکانە خەریکە داستانی قەلای دم دم بە زنجیرە تابلۆیەکی خۆی وەبەر بێنێتەوە دیارە بۆ ئەم مەقسودەی سودی هەرە گەورەی لە هەر دووکتێبی ئوسکارمان و عارەبی شەمۆ وەر گرتوە . بەلام دوای ئەوەی لە بەر رۆشنایی لێکولینەوەو پێشەکیەکانی ئێوە لە هەر

دوو کتێبەکە ورد بۆتەوەو سوودی لێ وەرگرتوە ، حەز دەکا لــە نیزیکەوە چاوی بە بەڕێزتان بکەوێ ، بۆیە بە نیازین نیــوەی ساڵ سەفەری بەغدا بکەین ، بریاری داوە مسۆدەی هەمــوو تابلۆکان بێنێتە لاتان ، دەلێ تەنفیزی تابلوکان ناکەم هەتا رای ماموستای لە مەر وەر نگرم ، ئیدی تکا دەکەم بۆ فتــرەی نیوەی ساڵ کاتێکمان بۆ دیاری بکەی بۆ دیدەنیتان لە بەغــدا شعیری رقی پیروزیشی گردوە بە چوار تابلۆ هەر وەها شەنگــە بێری بە تابلۆیەك ،

نامەی سەید عەولای حاجی سەید حەمەد

بــەڕێز ماموستا هێمن

پێشەکی لە ناخی دڵمەوە گەرمترین سڵاوت پێشکەش ئەکەم و هیوادارم هەر دەم سەرکەوتو بیت ،

ماموستا گیان ، زۆر لە مێژ بوو خەریك بوو بێم بــۆ لای جەنابت ، بەلام نازانم بلێم لە بەر چی رێك نەکەوت ،

ئێستاش ناو و نیشانی تۆم لە ماموستا گیوی موکریانــی وەرگرت ، من لە بیتوێن لە چوار قورنە دا ئەنیشم ، لە سەیدە - کانی سوسنێم بەناوی بنە ماڵەی سەید ئەحمەدە هارەی رەنێ ،

هەر لە دوورەوە من عاشقی تۆ بووم ، جا نازانم ئایا ئەتۆش ئاوای یان نا ؟ بەلام هەر چۆنیکی هەبێ هەر تۆ مایــەی شانازی و ئێمە شانازی بە جەنابت دەکەین ،

نامەی عەلی ئەحمەد ئیبراهیم

"٢٥ی پوشپەری ٢٦٧٧ کوردی "

بۆ برای گەورەو بەڕێزو خۆشەویستم ماموستا هێمن

زۆر جار لە خوای گەورە دەپارێمەوە کە وا لە تەمەنی ئێمە هەڵبگریّ و چەند سالێکیش بخاتە سەر تەمەنی تۆی خۆشەویست.

هەروەها پارانەوەی دووهەمم ئەوەیە کە وا نمونەی وەك بەڕێزی مشوور خۆرو خەم هەلگر بۆ گەلی کوردی لێقەوما و هەر زیاد بیّ . وەك فەرموودەی جەنابت کە فەرمووتە :

شیوەنی من ، شینی کوردی بیّ بەشە

ئەو گەلەی حاشا دەکەن لیّ ی وەهەشە

لەوە زیاتر پێویست بە درێژە دان ناکا ، هیوا دارم لە هەموو رازو نیازێکی دلّی خۆمم ئاگادار کردبی، بەو چەند دێرە نووسینانە .

لە دوایی گەرمترین سلاو و رێزی کوردێکی وەفادارو هەژارت پێشکێش بیّ .

نامەی عومەر فارس محەممەد ـ سولیمانی

بۆ ماموستاو باوکی خۆشەویست و دڵسوزم ماموستا هێمن گیان

لە دەروونێکی پڕ لە هەستی خۆشەویستی و دڵسوزی یەوە گەرمترین سلاوت ئاراستە ئەکەم ٠ ئومێدەوارم کە دەستی پیرێژنی رۆژگار لەمە زیاتر بە چەپۆك دا نەگرێتەوە ٠ حەز ئەکەم بڵێم کە ئومێدەوارم لەو پەری خۆشی و بەختەوەری دا بیت ٠ بەلام لێم ببورە کە ناوێرم چوونکە وا بزانم تا ئێستا بلبولی خۆشی بە چڵی ژیانت نەگەیشتوە ٠ باشترین بەڵگەشم شیعرەکانی خۆتە ٠ بۆیەش ناوێرم ئاواتی خۆشیت بۆ بخوازم چوونکە ژیانی تۆ بەشێکە لە ژیانی ئەم میللەتە بەدبەختە چارە رەشەو هەرگیز لێی جیا نابێتەوە ٠

ماموستای خۆشەویستم ٠ باوەرم بەوە بە هێزە کە مرۆڤ لە ژیانا تا بۆی ئەلوێ راستگۆ بێت ئەگەر بۆشی کرا هەموو شت لە خەڵك بە تایبەت لە دۆستەکانی نەشارێتەوە ٠ (وەك خۆت خوێنەری کوردت بە دۆستی خۆت زانیوە)٠ بەلام خۆزگە چاوێکم کوێر بایە ئەمرەستەیەم بەر چاو نەکەوتایە کە لە رۆژنامەی (عیراق) نووسیوتە : " کاغەزم راموسیوە، ماڵ ئاواییم لە دنیای ئەدەب و هونەر کردوە" لەدوێنێ شەوەوە کە رۆژنامەکەم دەس کەوتوە ئەوە نەبێ هێندی چاوم بە

شیعرەکانا خشاندوە ئیتر خەریکی خوێندنەوەی نامەکەتم. هەر جارەی لە سەرەوە دەس پێ ئەکەمەوە ، ئەگەمە ئەو رەستەیەی لە سەرەوە دەس نیشانم کردوە. ئەدەمە پڵمەی گریان . ئەم بەیانەش لە خەو هەستام رۆژنامەکەم راکێشایە لای خۆمەوە.

دەستم کرد بە خوێندنەوەی نامەکەت هەمیسان خۆم پێرانەگیرا چاوەکانم پر بوون لە فرمێسك ، ویستم بە نووسینی نامەیەك بۆ بەرێزتان کەف و کوڵی دڵم دابمەرکێتەوە .

ماموستا گیان : لێرە دا پێم خۆشە سێ داواکاریم هەیە لە بەرێزتان ئەگەر بۆتان بکرێ جێ بەجێ بکەن .

١ـ تا دەستەکانت قەڵەم ئەگرن هەر پارچە شیعری تازەت هەیە ، هەر نووسینێکی تەواو نەکراوت هەیە ، تکات لێ دەکەم تەواویان کە . لێرە دا مەبەستم ئەوە نیە خوا نەخواستە لێمان دوور بکەویتەوە . بەڵکو پێمان خۆشە خوای پەروەردگار لە تەمەنی هەر لاوێکی کورد سالێك کەم کاتەوە بیخاتە سەر تەمەنی تۆ خۆزگە من خاوەنی ئاوی ژیان بام ، قومێکم ئەدایتێ هەتا ئەو رۆژەی ئاواتەکانت ئەهاتنە دی .

٢ـهەر چەندە داوایان لێ کردوین لە پێش منەوە لێرە دا من دووبارە وەك کورێکی دڵسوزت داوات لێ ئەکەم (لە کوێ وە بۆ کوێ) تەواو بکەیت با چەند مرۆڤیکی درۆزن بە دەمی تۆوە شتی درۆ هەڵنەبەستن . مێژوی ژیانت لەکە دار نەکەن .

سپاس بۆ خوا کە بەهرەیەکی داویتێ هەتا کورد لە سەر زەوی بمێنی ،ناوت هەر بزرکێتەوە .

نامەی شوکریە رەسول "١٩٧٣/٦/٩"

باوکی شیرین و هێمنم

سلاوێکی فێنك و بۆن خۆش کە لە ناخی دڵ و دەروونمەوە هەڵقولابێ ، پێشکەشتی دەکەم ، هیوادارم کە خۆش و لەش ساخ بیت بۆ خۆشیمان .

کە نامەکەتم پێ گەیشت گەش و خەندان بوومەوە بە یادی ئەو نیوە رۆژەی لەگەڵتا بووم کە بڕوا ناکەم بیرم بچێتەوە. خوایە کەی چوار سالی ترم لێ دەروات و چاوێکی ترم پێت بکەوێتەوەو گرێی دەروونتم دووبارە بۆم روشن و شیگار کەیت .

ئەزانی غەریبی دەردێکی گرانەو ناخۆشە تا مرۆڤ غەریبی نەبینێ سۆزی بۆ غەریب نابزوێ . ئاگری دووری دڵمی سوتاندوە . بێ بەهرەم لە هەموو خۆشێکی مۆسکۆ، چوونکە دڵم لە کوردستانە . بەهارێکی خۆش و سەوزو سوورو رازاوە، هەموو کوچەو شەقامێك دڵ و دەروون پڕ دەکا لە بۆنی خۆش ، لە جوانی ، لە بەستەی شاعیرو ژیانی کامەرانی . تەنها من بێ ـ بەشم، تەنهام، دڵم بە کەس ناکرێتەوە ڕانی نەرم و گەرمم بۆ کتێبەکانم راخستوەو گفت و گۆی دلم بەوان دەر دەبرم . هەر لە داخا گرامێکم کریوەو گۆرانێکی فارسی خۆشی ئیرەج هەست و سۆزی جۆلانم بۆیە خەیالم بۆلات فڕیو کەوتمە نووسینی

ئەم نامە کرچ و کاڵە . هیوا دارم لێم ببوری . ئیرەج دەڵێ :
ئەی ڕوژگار ، ئەی فەلەك بە من جارێ سەفا بکەو دڵم خۆش بێت
جا نازانم تۆ لە غەریبی دوور لە کوردستانی خۆت چەند جـــار
دلت خۆش بوە .
دڵ و دڵسوزەکەم .. ئاموژگاریەکانتم کردوە بە ئالقەیەکی گەورە
و خستوومەتە مێشك و گوێم ، دەبێ کیژێکی دڵسوزو بە رەوشت
و خوو رەوشتم تێك نەدەم . باسی شیعرە جوانەکانت دەکەی و
لەگەڵ جوانی زۆر شتێکی جوانت هەلبژاردوە لە ژیانتــــــا
(جوانی) بەلام هەموو وشەیەکی دەرونت و هەموو دێرێکـــــی
شیعرەکانیشت دەزانی جوانیان لێ دەتکێ .
خوایە نەمری زۆر زۆر زۆرم خۆش دەوێت . خوا نەیکردم بە
خاوەن مال ، بریارم دابوو ژوورێکت بۆ برازینمەوە ، مەکتەبە-
یەکی خنجیلانە بە دلی خۆت ، کتێبی فارسی و شتی جوان ..
جارجارەش شەرە شیعرێکی جوان و خۆشمان دەکرد بە دووقوڵی
هیوا دارم کە لێم ببوری لە کەم و کوری ئەم کاغەزە کاڵ و کرچە
بەلام بزانە ، نرخێکی تەواو گرانت هەیە بەقەت ئەوەی کـــــە
لە دلمایە . شەکراو رەسول .

نامەی فاتمە محەمەد ئیسماعیل

" ٧٧/١١/١٦"

ئەم نامەیەم پێشکێش بە ماموستای بەرێز هێمن
سلاوێکی گەرم ئاراستەی ماموستای بەرێز بێ کە لە کانگای دڵ و دەرونمەوە هەڵقولابێ .

ماموستای بەرێز .. زۆر بە داخەوە کە هەواڵی نەساخیتم پرسی زۆر پەشیمان بوومەوە کە نامەم ناردو هەواڵی نەخۆشیتم زانی .

داواکارم لە یەزدان بەرەو ساخیت بەرێ و جاریکی تر بگەرێیەوە بۆ نووسینی وتە بە کەلکەکانت کە هۆی روون کردنی مێشکی رۆلەی هەموو کوردێکە لە هەموو قوژبنێکی جیهان دا .

نامەوێ زۆر درێژە بدەم بە نامەکەم ، چوونکە ئاموژگاریە-کانت زۆر کاری تێ کردم . کاری لە دڵ و دەروونم دا کرد . هەمیشە وەك ئاڵقە لە گوێمی دەکەم ئیتر خوات لە گەڵ ، ماموستای بەرێز ، رووناك کەری ری تاریك و نەزانی .

نامەی کەژال ئەحمەد ـ ڕێکەوتی ١٩٧٨

ساعەتی ١٢ی شەو کە سەری ساڵی تازە بوو.
بۆ ماموستای بەرێزم شاعیری بەرزی کوردەواری هێمن !
خۆشی و کامرانیت هیوا، دوا ڕوژی من و هەموو کوردێکی وەك منە . بۆ یەکەم جار پەردەی نهێنی وشەم لادەدەم بۆ تۆی بەرێزو دڵسۆز .
پاش خوێندنەوەی تاریك و روون لە ژیانت ئاگادار بووم. بەلام ژیانێکی زۆر تاڵ و ناخۆش بووە . ژیانی تۆ زۆر کاری کردە سەر دەروونی من .. ئەم پەرتووکە و ئەم ژیانە کەوتە بیر و هۆشم ، هەستم جولا ، حەزم کرد جێگەت بزانم ، نامەت بۆ بنیرم و هەستی خومت بۆ دەرببرم . ئەمە تەنها ئاواتی من بوو پاشان روژێك لە روژنامەیەك دا خوێندمەوە کە وا توانای جوابدانەوەی نامەت نیە . گوایا نەخۆشی . هەرچی وشەیەکم خوێندەوە ، بوو بە درك و لە هەستم هەڵچەقی و هەستی بریندار کردم . چوونکە من هیچ کاتێك نامەوەی خەبەری نەخۆشی تۆ ببیسم . هەر دەم لە خوای گەورە داوا ئەکەم کە وا شاعیرێکی بەرزی کوردمان لێ نەستێنێ و هەر پایەدار بێ .
بەرێز من ئەو کاتە بەدی ئەکەم کە چەرخ بگورێت و بگەرێتەوە شارەجوانەکەی خۆت ، بگەرێیتەوە لای

دوور و لاتەکانت هیواو ئاواتم ئەمەیە .

ئێمە لاوانی شاری سولیمانی تۆ بە گەورەی خۆمان دا ئەنێین. هیوامان ئەوەیە قەت شوێنت ون نەبێ . لاوانی شاری سولیمانی بە کورو کچەوە دائیمە ناوی تۆ و شیعرە جوانەکانتیان لە سەر دەمە . لە هەر کۆرو خۆشیێک دا شیعرە جوانەکانت ئەخوێننەوە.ئەو شیعرانەی کە لە کاتی خوێندنەوە دا هەستی ئادەمیزاد ئەجولێنێ و ئادەمیزاد ئەباتە دەریای خەیاڵەوە .

هیواو ئاواتم ئەوەیە کە خوای گەورە هێز بخاتەوە دەست و پەنجە جوانەکانت ، هەر وەك جاران بۆ نووسینی شیعرەجوانەکانت .

نامەی مەلا عەولای حەیاکی (حەسەن زادە)
٧٥/٣/٢٠

کاتی نووسینی ئەم نامەیە ، مەلا عەولا لە کوردستان بوو ، ماموستا هێمنیش لە بەغدا :

شاعیری دوورە وەتەنم	بولبولی دوور لە چیمەنم
کە شیعری تۆ دەخوێنمەوە	دەژگریم و پێش دەکەنم
دەگریم چونکە نەتەوەکەم	گرفتاری ئەو رۆژەیە
پێ دەکەنم کە دەبینم	شاعیرێکی وەك تۆی هەیە
شعیری تەڕو پاراوی تۆ	هاندەری کۆری خەباتە
وشەی شیرین و دڵگیرت	هەموو مزگێنی نەجاتە
هەر چەند دەبینی گەلەکەت	دیل و ژێر دەست و زەبووتە
هێشتا هاواری لێ دەکەی	" دوور بنوارە،ئاسۆ روونە"
هێندی دیش بێ پشت وپناو	ژێر دەستە بین هێشتا دەبێ
دەبێ رزگار بێ ئەو گەلەی	شاعیرێکی وەك تۆی هەبێ

ماموستای خوشەویستم با زۆر پێ لە بەرەی خۆم زیادتر رانەکێشم . پیاوی دەوێ لە گەل تۆ ، یا باشتر بڵێم لە گەڵ خودای شیعر بە شیعر بدوێ . کاری راست بێ خاڵە مین گوڤاریکی (بەیان) ی دامێ کە " **ئێوارەی پایزی**) تێدا چاپ کرا بوو . نازانم بلێم چەندی کار کردە سەر هەست و

شعورم و چۆن سەر تا بە خوارێ ئەندامی لەشی داگرتم . داخم ناچێ ئەو بەختەوەرییەم نەبوو بەو سۆزەی پێت نووسیوە بۆم بخوێنیەوەو جا بەو دڵی ناسك و لە سەر هەستم تیر تێر بە سەرت دا گریابام و قسەی خۆمان بێ بۆ خۆشت لەنگەرت بۆ راگرتبام . جا با هەر گوتبایان پیاوی شۆرشگێر نابێ بگری باکم نەبوو .

هەر ئەوەندەم لە دەست دێ بلێم خوا لە من و نەتەوەکەمت نەستێنی و لە عومری من بخاتە سەر عومری تۆ بۆ ئەوەی پترو پتر خزمەتی مەسەلەی رەوای گەلەکەمان بکەی و زیاتر بۆ خەبات هانی بدەی . ئەمجار رێگام بدە دەستە رەق و تەق و لێوە ویشك و برینگەکانت ماچ بکەم و بە خودات بسپێرم . بزانین کەنگێ دەرفەتی دیدارێکی دیکەمان بۆ رێ دەکەوێ .

برای بچووك و نامەزرۆت عەولا

گەڕانەوەی شاعیر

دوای شورشی گەلانی ئێران هێمنیش پاش ساڵها دەربەدەری لە نێو پێشوازی گەرمی خەلك دا گەڕاوە بۆ نیشتمان و لە مەهاباد بە دیداری خاو و خیزان و کەس و کارو دۆست و برادەران شادو شوکر بوو.

هێمن هەر وەك لە کوردستانی عیراق جێگای رێزو ئیحترام بوو، لە کوردستانی ئێرانیش نازی لەوە کەمتر نەبوو. لاوانی مەهاباد ، شاعیرو نووسەرانی کوردستان لە سەراسەری ولاتەوە دەهاتنە سەردانی هێمن و لە ئەزموونی شیعرو قسە خۆشەکانی کەلکیان وەردەگرت .

لە مەهاباد تا شەڕی سێ مانگە بەر پرسی رۆژنامەی کوردستان بوو، لە کونگرەی چواری حیزبی دیموکرات دا بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی هەڵبژێردراو کونگرە ناز ناوی " **شاعیری میلی** " پێ بەخشی .

وەزعی سیاسی کوردستان بەرەو ئالوزی دەچوو، رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەك هەر هیچ داخوازێکی رەوای گەلی کوردی قبول نەدەکرد ، بەڵکوو شەڕێکی خوێناویشی بە سەر گەلەکەمان دا سەپاندبوو. سەر دەر کردن لە گێژاوی سیاسەتی ئەو رۆژە، پێویستی بە لێکدانەوەو ورد بینی و هەڵسەنگاندنی زانستی

هەبوو . لە بەرانبەر پیلان و مل هوری دوژمن دا ، یەکیتی حیزبی دیموکرات و پشتیوانی لە جولانەوەی خەلك مەرجی بنەرەتی بۆ چوونی راست و هەلویستی شورشگیرانە بوو.
بەداخەوە ماموستا هیمن سەبارەت بە هیندی رووداوی ناحەزو ناراستی رابردوو لە نیو سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات دا ، بەو لا دا کەوت و لە گەل گروی شەش کەسی تووشی هەلەیەکی سیاسی بوو لە حیزبی دیموکرات کشایەوە .
بەلام بریاری هەرەشەیي سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات لە مەر بە جاش ناو بردنی هیمن و تەنانەت ئەوانی دیکەش ،بۆ چوونیکی هەلە و دەمار گیرانە بوو. نووسەری ئەم دیرانە رۆژیکی تەواو لە سەر ئەو مەسەلەیە لە گەل دەفتەری سیاسی لە دولی شیخان وتوو ویژیهەبوو. من دەمگوت جاش بەو کەسانە گوتراوە کە دژی جو لانەوە چەکیان هەلگرتوە. ئەوانە ئیستا بیرو باوەریکی تایبەتی خۆیان بلاو کردوتەوە . وەبە کردەوە دژی حیزب و جولانەوە هیچیان نەکردوە . راست نیە وا بە تالوکە ناوی جاشیان بە سەردا ببرین . غەنی بلوریان و هیمن بۆیە نابن پێ یان بگوترێ جاش . بە داخەوە خۆ بە زۆر زانین و هیندی قین و ئیرەیي ویشك لە مەنتق و سیاسەت بە هیز تر بوو.
بە پیچەوانەی بریاری ریبەرانی سیاسی لە کوردستان کەس هیمنی بە جاش نەزانی . هیمن هەر وا جیگای ریزو ئیحترام بوو . سەرە رای ئەوە کە پیشمەرگە سەردانی هیمنی

قەدەغە کردبوو ، دۆست و ناسیاوی ئەدەب دۆستانی کورد تەنانەت لە کوردستانی خواروشەوە دەهاتنە سەردانی هێمن.

ماموستا هێمن لە کاتی پیری و کەنەفتی و شپرزەیی ئابووری و نەداری[١] دیسان نەوێستا ، نەی هێشت زمان وشیعر و ئەدەبی کوردی لە کوردستانی داگیر کراو بە جارێك بفەوتێ و قورو قەپی لێ بکرێ . هەولی دا سروەی خستە کار . بلاو کردنەوەی سروە لە هەل و مەرجی ئەورۆی کوردستان دا خزمەتێکی گەورەیە بە فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمان.

هەر بۆیەش لە لایەن شاعیرو نووسەرو ئەدەب دۆستەکانی کوردەوە پێشوازی لێ کراوەو ئەوەش بە ناوی هێمن تۆمارکراوە.

بە داخەوە هێمن نەگەیشت لە بەرهەمی تیکوشانەکەی چیژە وەرگرێ . شاعیری ناوداری کورد لە ١٧ی مانگی ئەوریلی ١٩٨٦ " ٢٨ی خاکەلیوە " دلی پر لە هەست و کول و دەردو داخی ، دلی پر لە ئەڤین و خۆشەویستی ، دلی پر لە قین وغەزەب لە دوژمنانی مرۆڤایەتی و ئازادی ، دلی سادەو پاك و بێ غەشی لە لێدان کەوت .

هێمن مالاوايي لە شیعرو ئەدەبی کوردی کردو بە قەولی شاعیر :

هەتیو ما شیعرو نووسەر تۆو برابوون

هونەر پاکی لەگەل تەرمی ئەوا چوون

لە پاشی وان حەرامە شیعری کوردی

نەمێنی تازە رەنگە باوو بوردی

گەلی قەدری نەزانی چوو لە دەستـــــــی
دەبینی ڕۆژێ گەستی گوستی دەستــی

لە شین و پرسەی هیمن دا نەك هەر لە كوردستان بەڵكـــو لە ئوروپاش كۆڕو كۆبوونەوە ساز كران ، شیعر گوتران و وتـار نووسران . هێنانەوەی شیعرەكانی شینی هیمن و باسی پرسە و سەرەخۆشی و نووسراوەكان بەم بۆنەوە ، كاریكی زیاتـــــر و باسێكی جیاوازیان گەرەكە .

هەرچەند بۆ لێكولینەوەی شیعرەكانی هێمن و باســـی نووسینی پەخشانی ئەو شاعیرە مەزنە ئەم نووسینە كورتــەی من نابێ رووی مەجلیسی هەبێ ، بەلام دیسان هیوا دارم كـــە یەك لە سەدی ئەركی دۆستایەتی و هاوڕێي و هاو ولاتیم لـــە ئاست ئەم شاعیرە مەزنەو ئەم نووسەرە بە زەوقە بـــە جـــێ گەیاندبێ .

ماموستا هێمن چەند مانگ پێش كۆچی دوایي ، نامەیەكــی دۆستانەی بۆ نووسیوم ، بە بلاو كردنەوەی دەست خەتی خـۆی لە گەڵ سلاو بۆگیانی پاكی هێمن نووسراوەكەم كوتایي پـــێ دێنم .

دەقی نامەی ماموستا هێمن بۆ کەریمی حیسامی

برای بەرێز و خۆشەویست و دۆستی لە مێژینەم
کاك کەریمی حیسامی
لە پێش هەموو شتدا دەستت دەگوشم ، راتدەمووسم و بە گەرمی لە حاڵ و ئەحواڵی خاو و خیزانت دەپرسم • هیوادارم خۆت و براژنم ساخ و سلامەت و لە بەلا دوور بن •کەماڵ و شلێریش تا ئێستا خوێندنیان تەواو کردبێ • بەس نەبوو ئەگەر هەزاران گوێرەوەری ، چەرمە سەری و دەربەدەریت دیو ئەو هەموو پەندو گۆڵمەزەت بەسەر هات و پاشی گەلێك تێکوشان و هەڵسوران ، سوکایەتی و بوختانت پێ کرا ،دیسان بە منداڵە ـ کانت خوێند • یا خوا لە بەلا دوورو پیاو چاك و روو سوور دەرچن • مینای ناموسیان نەشکێ و هیوای دوا رۆژی کورد بن نەك ئی بێگانە •
ك.کە گیان ئەگەر درەنگ توانیومە نامەت بۆ بنووسم سوچم نیە نەم دەزانی ناوونیشانت چیە • ئەم هاوینە سەری ماموستا گەورەکانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردەواریم داو لە جەنگەی گەرمای کەرەج دا پاش زیارەتی ماموستا سەید تاهیری هاشمی و ماموستا رەبیعی کە بریا دیباتن و زانی بات چەند پرو زانان،چوومە خزمەت ماموستا هەژاری خۆمان ، بەراستی گەرما دەردی دامێ • نەخۆش کەوتم و تا ماوەیەك لە کار کەوتم• کە چوومەوە دەفتەری ئینتیشاراتی سەلاحەدین ئەییوبی

ناوەندی بڵاو کردنەوەی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی . سەرم سوڕ ما پاش بڵاو بوونەوەی ژمارە یەکەمی " سروە " ئەوەندەمان شیعرو نووسراو نامە بۆ هاتبوو ، کەڵ بڕی لێ نەدەکرد.
کەوتمە یادی " **داشە هارە**" ی (١) پێشوو کە جاران ئەگەر شتی وای دیبا بە گۆلمە فرمێسکی هەڵدەوەری . ئێمە نەماندەزانی فارسی گوتەنی " اشك تمساح است " لە نێو نامەکانی دەرەوە دا چاوم بە نامەی باوکی کەمال کەوت کە زۆر کورت بوو بەلام دەس بەجێ خەتە کوێتم ناسیەوە لە دەفتەردارەکەم پرسی : ئایا سروەت بەم ئادریسە ناردوە . گوتی نەك سروە بەڵکو پاشەڕۆکیشمان کە ئی خۆمان نیەو کڕیومانە بۆم ناردوە و پوڵیشمان پێ نەگەیوە . گوتم قەی ناکا هەرچی تازەمان دەرچوو بۆی بنێرە ئەگەر پوڵیشی نەنارد چ بکەم لەسەر خۆمی حیساب بکە . گوتی بە چاوان ئەم کورە زۆر کوڕێکی باشە رەنگە بشت ناسێ، بەلام خەتەکەی نەناسی بوی منیش پێم نەگوت . بۆ خۆت دەزانی دەس پێ کردنی کارێکی وا گرینگ بە هێزێکی کەمەوە کارێکی چەند گرانە . بەلام پێشوازی خەڵك لە سروە بۆ خۆشمان جێ باوڕ نەبوو . شمال و جنوبی کوردستان تەنانەت خزمەکانی قۆچانیش نامە و نووسین و شیعریان بۆ ناردبوین و هانیان دابوین . دیارە خەڵك چەند تامەزرۆیە و چەندی ئەدەب و فەرهەنگی خۆی خۆش دەوێ . ئاخ دەبێ ئیعتراف بکەین ئێمە خەڵکمان نەناسی بوو ، نەمان دەزانی چەند لە پێش ماموستازاناکانمان دایە . خوا بە گژ

(١) مەلا عەولای حەیاکی یە .

ئیمپریالیزم و لیبرالیزم و گەدەو گودەی خۆمان دا بچێ کە
نەیان هێشت لەو هەل و دەرفەتە زێربنە کەلك وەر بگرین و
هەر یەکەیان بۆ لایەك هەلداشتین و لێکیان هەل برین ، دەنا
دەمانتوانی خزمەتی گەورە بە ئینسانیەت و بە گەلە چارە
رەش و بێ بەشەکەمان بکەین • ئێستاش نەچوە بچێ• پێم وایە
دەرفەت بۆ خزمەت هەر ماوەو زۆریشە ، جارێ ئەوە ئێمە بە
هەموو هێزو توانامانەوە خەریکی ژیاندنەوەو بووژاندنەوەی
ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دەبین • بۆ خۆت دەزانی کار،ئەویش
کاری وا گران لە هەوەلەوە گیرو گرفتی زۆرە ، بەو حالەوە بە
دیتنی ژمارە ٢ی سروە بۆت روون دەبێتەوە تا چ رادەیەك
چووینە پێش و جگە لە خوشك و براکانی خۆ ولاتی خوشك و
براکانی دەرەوەی ولاتیش کاری ئێمەیان زۆر پەسەند کردوە •
نەك هەر بۆیان نووسیوین ، بەلکە دەفتەرەکەمان بۆتە دیوەخانی
حەمە ئاغای کۆیە و دەرکی بۆ هەموو کەس ئاوالەیەو هەمیشە
پرە لە دلسوزانی خەلك • بە تایبەتی لەم هاوینەدا خوێندکاران
و رووناك بیرانی دەرەوەو خۆمانە پێ یان لێ نەبریوین ،
یارمەتیان داوین ، رەخنەیان لێ گرتوین و رێ نوێنیان کردوین•
ئێمەش لە بورجی عاج دانەنیشتوین و خۆمان بە تافتەی جودا
بافتە نازانین • راستە زۆر لە کار دەبین ، بەلام زۆریش فێر
دەبین • نازانم لە بیرتە یا نا،جارێك وتارێکی باشم نووسیبوو
گوتبووم نووسەر دەبێ لە نێو خەلکدا بێ و لە خەلك فێر بێ
و ئەوەی فێری بووە بە وردی و جوانی بیداتەوە بە خەلك، بەلام

سەردەبیرە نازدارەکەمان، فەرمووی ئەوە تەوهین بە زانایانەو چاپی ناکەین . ئەمما من باشم لە بیرە تۆ تاریخچەی " صهیونیسم " ت نووسیبوو ، جوانیشت نەخشاندبوو، دیسان بەو بیانوە کە رەنگە بێ بلێن ئەوە بۆ خاتری عەرەبان نووسراوە نەی هێشت چاپ بکرێ . هەی وەبەر یەکاوی عەرەبان کەوێ . پیاو، کای کۆن بە با نەکەین بە پەکو پەکو چ ناکرێ. لەوەی پاش چ بکەین دیارە، مەبەستم ئەوە یە، چۆن ئەدەب و فەرهەنگەکەمان بەرەو پێش بەرین و لە نەمان رزگاری بکەین . ئەوە شانمان بۆ داخستوەو هەموو کات و وەخت و ژیانی خۆمان بۆ تەرخان کردوە . دیارە لە من باشتر دەزانی ئەدیب دەبێ تعهدی هەبێ ئەدەبی بەرەڵلا رێگا لە خەڵك ون دەکاو هەتڵەی دەکا .

کاکە گیان ئارشیوەکەمان لە باری کتیبی کوردیەوە دەوڵەمەند نیە . بەلام بە سەری تۆ دەگەل ئەوەش دا دەرەتانمان نەبوە ئەوەندەمان شریتی فولکلوری کوردی کۆ کردۆتەوە هەر مەپرسە ، ئەوە وردە وردە دەیانخەینە سەر کاغەز . دەس نووسی باشیشمان هەن خوا یار بێ ئەوانیش رێك و پێك و چاپ دەکەین تازە تێ دەگەم چەند گەنجی شاراوەو چەند ئیستیعدادی نەپشکوتوو لەم کوردستانە هەن . لە باری نووسین دا رێبازی نالی مەزنمان گرتوەو لهجەی نێوەراستمان هەڵبژاردوە . دیارە لە شیعرو فولکلۆری دەوڵەمەندی لهجەو بن لهجەکانی دیکەی کوردی کە بەرێزەوە تەماشایان دەکەین کەلك وەردەگرین و چاپیان دەکەین و وشەی جوان و رەسەنیان لێ هەلدەبژێرین .

ئەوە هەنگاوێکە کە بۆ پێك هێنانی زمانی یەك گرتوو هەڵی دێنمەوەو هیوادارین زوتر لە خەلك بچینە پێش . کاکە ئێمە لە ئەدەبی دەولەمەندی زمانی فارسی کە خزمی هەرە نیزیکی زمانەکەمانە کەلك وەردەگرین . وەك نووسەرەکانی ئەو دینن بە عەرەبی بیر بکەینەوەو بە کوردی بنووسین و ئەویش بە کوردی داتاشراو . ئەگەر بە فارسیش بکێ ینەوە دیسان زۆر لە زمانەکەی خۆمان دوور ناکەوینەوە . چوونکە رێزمانەکەمان هێندە لە رێزمانی فارسی دوور نیە . هەتا پێمان بکرێ خۆ لە وشەی داتاشراو دەپارێزین . خۆ ئێمە لە خەڵکی دیکە زیاتر نین . بەداخەوە فەرهەنگێکی ئەوتۆی کوردیمان لە دەس دا نیە کە منداڵێکی کورد رازی بکا . بەلام فەرهەنگ و لغت نامەی فارسی زۆر باشمان هەن ، بە گیانی تۆ شیعرێکی ناڵیم نەدەزانی . " فرهنگ معین " بۆی حەل کردم . کاکە نازانی لەو سالانەی دوایي دا کتێبی کۆن و نوێي وا بە فارسی بلاو بوونەوە کە وەك دەریا شەپۆلان دەدەن . بەلام حەیف من دەرفەتی خوێندنەوەم نیە . کارم زۆرە و پیرترو بێ هێزتریش بوٚم . لەگەل ئەوەشدا زۆر هاتوو چۆی دوکتورانم کردوە نەخۆشی دەمارەکانم هەر لە زێدەیەو چاری نەکراوە بێ خەویش لەوێ راوەستێ .

کاکە گیان بریارمان وایە هەر کەس و هەر کتیبخانەیەك پوڵی ئابوونەمان بۆ بنێری و بە نووسین داوامان لێ بکا ، هەر چەندی بیەوی چاپەمەنی خۆمانی بۆ بنێرین . هەرکەس شتمان بە ناوی خۆی بۆ بنووسی بە مەرجێکی لە چوار چێوەی سروەدا

بگونجیٚ یا نووسراوێکی ئەدەبی و فەرهەنگی و مێژویي سەربە خۆ بێ و ئیجازە بدا ئەگەر پێویست بوو لە باری زمانەوە نە لە باری نێوەروکەوە دەسکاری بکەین بە منەتەوە چاپی بکەین •
جا ئەگەر پێت خۆش بێ نازناوێك هەلبژێری بەو ناز ناوە بلاوی دەکەینەوە • دیارە ئەتۆش لەو بریارە جویٚ نی ، من تۆ باش دەناسم و دەزانم و دەزانی چ بۆ کویٚ بنووسی هەرچی ئەدەبی و فەرهەنگی و مێژویي بۆمان بنووسی بێ پەروایانە بۆمان بنێرە جا هەر ناوێکی هەلّی دەبژێری سەربەستی، بەم ناوە چاپی دەکەین • ۱۱۱۰ فسانەهای کردی کریم کشاورز ـ ت" کردبۆوە کوردی ، ئەگەر چی ئەو باشی وەر نەگێرابوو ، ئەگەر ماوە٘ رەنگ بێ بە کەمێك دەسکاری یەوە بتوانین چاپی بکەین و رمێنێشی دەبێ و حەقی وەرگێرانیش دەدەین •

خەریکین لە هێندیك شارەزاو ماموستای کوردی زان دەعوت بکەین بۆ دیتنی ئینتشاراتەکەمان بێنە ورمێ ، ئایا تۆش وەك لیٚ زانێکی کورد٘ دەتوانی دەعوەتەکەمان قبول بکەی یان نا ؟ کەیفی خۆتە بەلام لە نووسین بێ بەشمان مەکە • لە ئەنجامدا داوای خۆشی و سلامەتی بۆ هەموو لایەك دەکەم وەکیلی سلاوان بە •

برا گیان بە تاسەوە ئارەزوی دیدارت دەکەم ، ئەگەر لە نووسینی ئەم نامە تەنەخی رووی داوە سووچی ئاغای دەفتەرد ار بوو کە درەنگی نامەکەت دامیٚ •

براتٚ هێمن

بۆ بەڕێز و خۆشەویست دۆستی لەمێژینەم کاک [illegible]

ئەحواڵ و ... خاو خێزانت دەپرسم، هیوادارم خۆت

لەبیش [illegible] دەستت دەگوشم و [illegible] دەپرسم و ... ئەحواڵی خاو خێزانت [illegible] بەس نەبوو ئەگەر

و [illegible] سەلامەت [illegible] [illegible] تا ... خوێندنیان تەواو کردبێ. [illegible]

[illegible] کردووە و [illegible] چەند [illegible] دەبەڕەبیت دی و [illegible] بە [illegible] بەسەرهات و باشی [illegible]

و [illegible] سورکایەتی و [illegible] [illegible] بەسەرهاتی [illegible] [illegible] [illegible]

مینای [illegible] و [illegible] [illegible] کردن [illegible] لێ بیگانە.

کاک [illegible]! ئەگەر [illegible] ناوەت [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] نادیمانت چیە؟

ئەم [illegible] سەری [illegible] گۆڤارەکانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردەواریم دا [illegible] گۆڤارەکان [illegible] باش [illegible]

[illegible] تا [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] چەند [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] خوان بە [illegible] [illegible] دەڕەی [illegible]. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] ئەدەب و فەرهەنگی کوردی [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] شیعر و [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] لێ دەکرد. [illegible] [illegible]

چونکە [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] نامەکانی [illegible] [illegible] [illegible] بە ناوی [illegible] کەماڵ کوردی [illegible] زۆر [illegible]. بەڵام [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible]: ئایا [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] کارێکی [illegible] [illegible]

[illegible] کارێکی [illegible]. بەڵام [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]. [illegible] [illegible]

کوردستان [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] ئەدەب و فەرهەنگی [illegible] [illegible] [illegible]. [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]. [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] ئەدەب و فەرهەنگی کوردی

دەبێ. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] ٢ [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible]، [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

و [illegible] کردووە، [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible].

ڕاستە زۆر لە کار دەبین، بەڵام زۆر [illegible] دەبینم. نازانم لە بیرتە یا نا هەڵبەست و تاریخی بابم [illegible] دەکرێ لەسەر [illegible] بێ، دڵی خۆشی [illegible] بە [illegible] بەڵام [illegible] نووسراوە [illegible] بەزمانی [illegible] و چاپی ناکرێ. [illegible] باسم [illegible] تاریخچەی [illegible] نووسیوە [illegible] بە [illegible] بیانوو کە ڕەنگە [illegible] هاتن [illegible] نووسراوە [illegible] چاپ بکرێ [illegible] بە کاوێ [illegible] کەوتن. [illegible] بە [illegible] ناکرێ. [illegible] دیارە [illegible] [illegible] [illegible] و [illegible] ئەدەبی [illegible] کردووە. دیارە [illegible] [illegible] و [illegible] دەکا.

کاکە گیان! [illegible] لە بارەی کتێبی کوردی [illegible] بەڵام [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] و چاپ ناکرێ. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] و [illegible] [illegible] [illegible] زمانی فارسی [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] زمانی فارسی [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] فەرهەنگ [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] فەرهەنگ [illegible] [illegible] [illegible] کتێب [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

کاکە گیان!

[illegible] [illegible]

ئایا [illegible] وەک [illegible] کورد [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] بەناسەوە [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] ئەم نامە [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible].

[illegible] هێمن